

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛نها .

**ژمارە ٨ - ١٠ی ڕەشەمە ٢٧١٧**

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

جەبار شافعی‌زادە
لەیلا خاکی
بیژەن ڕەحمانی
موحسین سوبحانی
هیوا شاهیان
ڕەزا فرووغی
فەرهاد ساڵەحی‌فەر
ناسر فەتحی
مریەم قازی
شەرمین ساڵحی
دابان عەتار
هیوا بەیرامی

**تیۆری:**

مریەم قازی

**چیرۆکی میوان:**

سروە مەجیدی
سەیفوڵا ساعێدموچشی

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەڕە ٥٥ ...

**ئامادەکاران:**

**ئەمیر سیراجەدین**
**ناسر فەتحی**

RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

١٠ی ڕەشەمە ٢٧١٧

© RAWEZHISM

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

# «مترسک یان داهۆڵ»

مریەمی قازی پێی وتم چیرۆکێ بنووسە کە لەو چیرۆکەدا لە "داهۆڵە"یێ بترسی. زۆرم بیر لێکردوتەوە. کە سەیری وشەی "داهۆڵە" دەکەم هیچ ترسێک ناڕواتە ناخمەوە. داهۆڵە "دەهۆڵ" وەبیرم دەخاتەوەو زەماوەن و هەڵپەڕکێ. بەڵام "مترسک"، ترسێکی کوشندە دەخاتە ناخمەوە. وەک بڵێی نیوەشەوێکی زستان تاق و تەنیا لە دارستانێکا ون ببی هەزار گورگی دڕندە بەو چاوە شینانەیان گەمارۆت بدەن و ڕوو لە مانگ کە لە پشت ڕەشایی هەورەکان بزرماوە تێکڕا بلوورێنن تۆ بۆ ئەوەی خۆت لێیان دەربازکەی لە یەکەیەکە درەختەکانی دارستانەکە سەرئەکەوی کە چی لەسەر هەموو لقەکانی هەردرەختێ قاڵاوێ هەڵنیشتوویێتوو پەلامارت بدات تا بە دەندوکی چاوەکانت دەربێنێ.

ڕەنگە تۆ لەوانە بیت کە باوەڕت نەبێ مترسک شتێکی ترسناک بێ کەوایە لاپەڕەیەکی پوورتووکاو بێنەو لەسەر لاپەڕەکە بنووسە: "مترسک"

جا پیتەکانی لێک کەرەوە:

مترسک ⇔ م ت ر س ک

پێم وایە ڕەمزێکی ئەفسووناوی تیایە. وەکوو بڵێی مرۆڤێک لە قووڵایی مێژوویەکی ترسناکەوە بقیژێنێ:

"من ترس کوشتمی"

ڕەنگە ئەو مرۆڤە ژنێک بێ. واتا دڵنیام کە ئەو مرۆڤە ژنێکە. چوونکوو ژن ئەقیژێنێ. سەیری وشەی "قیژاندن" یش بکە. لاپەڕەیەکی پوورتووکاو بێنەو لەسەر لاپەڕەکە بنووسە:

" قیژاندن"

جا پیتەکانی لێک کەرەوە ⇔ ق ی ژ ا ن د ن . ⇔ قیژ ژان ژن.

دڵنیام ڕەمزێکی ئەفسووناوی تیایە. خەوێکم وەبیر دێنێتەوە. ڕەنگە خەو نەبێ. چیرۆکێکی ئەفسووناوی بێ کە نەنکم بۆی گێڕاومەتەوە.

چیرۆکی نەنکم:

∬شەوێک زەوی شێت بووبوو. لە جەنگەڵ دا گژەبا دەیلووراندوو ڕەشەبا هەڵیکردبوو. زریکەیەک هەموو باڵندەکانی لەسەر درەختەکان هەڵفڕان...

{ژنێ ژان گرتبووی}

مناڵەکەی هاتە دونیاوە.

هەموو قاڵاوەکان قیڕاندیان و لە چاو ترووکانێکا مردن و کەوتنە سەر زەوی. نەک هەر زەوی تەنانەت هەموو دەریاکانیش ڕەش داگەڕان.

{ژنەکە "مترسک"ێکی وە دونیا هێنابوو}

مێردی ژنەکە لە سەفەرێکی دوور و درێژ گەڕایەوە. ئەو چاوەڕوانی کوڕێکی چاوگەش بوو. بە دیتنی "مترسک"ەکە شڵەژا. ناو چاوەکانی گرژ کردەوەو نەڕاندنی: من ئەم "مترسک"ەم ناوێ.

ژنەو "مترسک" نیوەشەوێکی زستان سەری خۆیان هەڵگرت و بۆ شوێنێکی نادیار چوون. زۆری نەخایاند بۆڵەبۆڵێ وەگوێیاندا هات. لە دەنگەکە نزیک بوونەوە. زەماوەن بوو. بووک و زاوا کز دانیشتبوون. ژنان قژی خۆیان دەڕنی. دەهۆڵ ژەنی زەماوەنەکە مردبوو. ناردبوویانە شوێن دەهۆڵ ژەنی ئاوایی دراوسێیان، نەیوێرابوو بێ. وتبووی ڕەنگە ئەگەر بێم بمرم. بووک دەگریاو زاواش ئەو ئەنگوستەی کە ئاڵقەی تێکردبوو وەکوو کرم بەردابووە گیان سێوە سوورەکان.

دایکی زاوا دەیگوت: بێ دەهۆڵ ژەن ناوێ ئەم زەماوەنە بکرێ... بێ دەهۆڵ زاوا زاو زێی نابێ و بووکەکە نابێ بە ژن... ژان نایگرێت و مناڵی نابێ...

سەیری وشەی "زاوا" ش بکە. لەسەر دیوارێ بنووسە زاوا. جا پیتەکانێ لێک کەرەوە. بەم چەشنەی خوارەوە:

زاوا ⇔ ز ا و ا ⇔ زاو ، ئاو ، ئاوز ، زوێ ، زێ ، زاو زێ

پاشماوەی چیرۆکی نەنکم:

... "مترسک" ڕووەو دەهۆڵەکە ڕۆیشت. دەهۆڵەکەی کردە سەرشانی و لێیدا. باڵاو ڕوومەتی هێند ڕەش بوو کەسیان نەیئەبینی. تەنها دەنگی دەهۆڵەکەیان دەبیست. هەموویان ڕیزیان گرت. زاوا دەستی بووکی گرت و کەوتە سەر چۆپی. مانگ بە تاقی ئاسمانەوە هەڵپڕووکا. هەتاو هەڵهات. دەهۆڵ ژەن ⇔ "مترسک" لاوێکی باڵابەرزی ڕوومەت سپی چاو گەش بوو. ناویان نا دەهۆڵ ژەن∬.

دڵنیام باش تێگەیشتی مەبەستم لەو دێڕەی سەرەتای چیرۆکەکەم چی بوو. ئەو دێڕەی خوارەوە ئەڵێم:

کە سەیری وشەی داهۆڵە دەکەم هیچ ترسێک ناڕواتە ناخمەوە. داهۆڵە دەهۆڵ وەبیرم دەخاتەوەو زەماوەن و هەڵپەڕکێ

پاشماوەی چیرۆکی نەنکم:

... ڕۆژێکیان ئاوایی بۆ هەراو هۆریا.

ووتیان: پۆلێ قاڵاو کەوتنەتە ئاوایی و چی سێوە خواردوویانە

ژنان و پیاوان شڵەژان. وتیان: بێ سێو، عەشق لەم ووڵاتە دەڕوات. کەس کەسی خۆش ناوێ... وتیان: براکان و ئامۆزاکان لە حەنای یەک دەبنە هابیل و قابیل و یەک دەکوژن بەدوای چارەسەردا گەڕان.

وتیان:

دەهۆڵ ژەن بەناو وڵاتا بگەڕێ و دەهۆڵ لێدا بەڵکوو قاڵاوەکان بترسن و بڕۆن

دەهۆڵ ژەن وایکرد. بەڵام قاڵاوەکان نە تەنیا نەترسان ڕێژەیان زیاد بۆوە.

دایکی دەهۆڵ ژەن وتی: بۆ ئەو کارە پێویستمان بە "مترسک"ێکە.

کەسیان نەیاندەزانی"مترسک"چییە.

ژنە وتی: بۆ خۆم ئەم شەو جێبەجێی دەکەم.

کە شەو داهات ژنەو کوڕەکەی لە کۆڵانا بەڕێ کەوتن. چی قاڵاو هەبوو قیڕاندیان:

قاااااااااڕڕڕڕڕ قاااااااااڕڕڕڕڕ قاااااااااڕڕڕڕڕ

دوایی هەر هەموویان مردن و کەوتنە سەر خاک. وڵات ڕەش داگەڕابوو. چەن خەڵکی وڵاتەکە بە دزییەوە لە پشت پەنجەرەوە، لە پەنای دیوارەکانەوە سەیری ژنەو کوڕەکەیان دەکرد.

{کوڕە ئێستە "مترسک" بوو}.

هێند ڕەش بوو نەدەهاتە بەر چاو. چەن کەسیان شقارتەیان هەڵکرد. بە دیتنی "مترسک" بوورانەوە.

بەیانی قاڵ کەوتە ناو وڵات

{ ژنەو کوڕەکەی جندۆکەن}.

لەو وڵاتە هەموو کەس لە قووڵایی مێژوویەکی ترسناکەوە دەیقیژاند: کەسێک لەگەڵ ژنە بووە کە من لێی ترسام و ئەو ترسە کوشتمی.

دڵنیام باش تێگەیشتی مەبەستم لە دێڕی سەرەتای چیرۆکەکەم چی بوو. ئەو دێڕەی خوارەوە ئەڵێم:

مترسک ⇔ م ت ر س ک ⇔ "من ترس کوشتمی"

پاشماوەی چیرۆکی نەنکم:

... ژنەو کوڕە بە بیستنی هەراو هۆریاکە سەری خۆیان هەڵگرت و بەرەو شوێنێکی نادیار وەڕێکەوتن !!.

خوێنەری بەڕێز:

چیرۆکی من و نەنکم تەواو.

کەیفی خۆتە. گەر دەتەوێ بە خوێندنی ئەم چیرۆکە شاگەشکە بی ناوی چیرۆکەکە بنە ((داهۆڵ)) بڕۆ بۆ زەماوەن و چۆپی بگرەو تا کۆتایی چیرۆکەکە هەڵپەڕە.

گەر دەتەوێ لە ناختەوە ترس داتگرێ ناوی بنە ((مترسک)). تا فارس واتەنی:

"بە تتە پتە بیافتی"

بڵێی:

مممم تتتترس کککک

واتا:

...من ترس کوشتمی...

**جەبار شافعیزادە**



# «تراویلکە»

دایکم دەیگوت ئەو جوجکانە مەهێنە ژووریٚ هیچ وڵاتمان لیٚ نامێنی ، بەڵام من هیچ کات بەقسەم نەدەکرد و تەنانەت شەوانەش لەناو جێگاکەم دەمخەواندن لە تەنیشت خۆم بە تایبەت ئەم جووجکە زەردە ، ئەو ڕۆژەی کە کڕیمن لە ناو هەموو ئەو جووجکانەدا ئەو زەردەیانم دیاری کرد نازانم بۆ بەڵام هەستم دەکرد ئەویش حەزیدەکرد ببێتە ئی من ئێستاش ئەوەندەی خوو پێمگرتووە شەوانە دێتە ناو باخەڵم دەخەویٚ..

سەرم توونـد بە سینگی دایکمەوە نووساندبوو و هۆن هۆن دەگریام نەمدەتوانی جوان بۆی بگێڕمەوە " سەرم بڕی! گۆشاوگۆش، بەو دەستانەی خۆم سەرم بڕی" هەنیسکەکانم نەیدەهێشت قسەکەم درێژە پێبدەم دایکم دەستی بە سەرمدا دێنا هێور بە کوڕی خۆم " نا دایە من سەرم بڕی بەڵام خۆم نەمدەویست ئەو داوای لێکردم هەر لەسەری کۆڵان کە دەهاتمەوە دەرگاکەی کردەوە بردمیە ژووریٚ کێردێکی گەورەی بۆ هێنام وەک ئەو کێردەی خۆمان دەچوو بەڵام هەو نەبوو من دڵنیام هەو نەبوو من خۆ قەت قەڵمبڕیش لە گیرفانم نانێم کێردی خۆیان بوو من دەترسام لێی وەرگرم ئای دایە نازانم بۆ وای لێهات لە یەک ساتدا کەوتمە سەر سینگی ئەو ڕووبەڕووم بوو بەڵام هیچی نەدەکرد تەنیا چاوی لە چاوم بڕیبوو من لە پێشدا دەستم دەلەرزین بەڵام لە گەڵ یەکەم پێداهێنانی کە خوێن فیچقەی کرد تازە هیچم بە چاوی خۆم نەدی و تەواوی گیانم شەڕاڵی خوێن بوو هەنیسکەکانم بڕستی لێبڕیبووم توونتر سەرم بە سینگی دایکمەوە و نووساند و " سەرم بڕی گۆشاوگۆش سەرم بڕی سەرم بڕی"

بە دڵە ڕاوکێوە کتێبی تەعبیر خەونەکەم پەڕ بە پەڕ هەڵدەدایەوە و لە دڵی خۆشمدا هەر دوعام کرد جوجکە زەردەکەم بە جیکە جیک هەر بەسەر کۆشمدا هەڵبەز دابەزی دەکرد خەریک بوو تێکەڵم دەکرد نازانم چۆن فڕێمدایە خواریٚ لەسەر کۆشم لەو لاپەڕە ورد بوومەوە و وەک ئاوت بە ئاوریدا کردبیٚ کەمێک هاتمەوە سەرخۆ" خوێن لە خەون دا بە واتای بەتاڵ بوونەوەی تەواوی ئەو خەونەیە" کتێبەکەم ویک ناو ڕۆبوومە جووجکە زەردەکەم چەند جارم ماچ کرد..

....

تاریک و ڕوونی بەیانی بوو دەچووم نان بکڕم دیتم خەڵکێکی زۆر لە سەری

کۆلآن کۆبوونەوە لە شـــەقامیش دەنگی ئـامبولآنســـێـک بە ویژە ویژ زیـاتری ڕاچڵەکـانـدم هەوڵـمـدەدا بـچمە نـاو خەڵکەکەوە و بزانم چی بووە " دویٚ شـەو لەو مـاڵە ژنێکیـان ســەر بڕیوە " واقم وڕمابوو خەریک بوو ناو دەمم تاڵ دەبوو " گۆشـــاو گۆش ســـەریان بڕیوە" دڵم لە ژێلآدەهات " باشە چۆن دەتوانن ئاوا زەلام ســـەر ببڕن وەلآ من مریشـــکیشـــم پیٚ نـاکووژرێتەوە" هەســـتم کرد خەریکم دەلەرزم بە پەلە پەل هەلینگمدا بەرەو ماڵ و خۆم بە ژوورێـدادا دایکم خریـک بوو زراوی بچیٚ "قوورت بەسەری خۆ خەریک بوو شێت بیم بۆ وەک بەشەران نایە ژوور خۆم بە باوەشیدادا و بە دەم هەنیسکەوە" ســەرم بڕی ، گۆشـاوگۆش ســەرم بڕی و تەواو! "

لە تەواوی ئەو ســـــاتــانەی کە ئەو ڕووداوانەی بۆ دەگێڕامەوە چـاوم بڕیبۆ چاوەکانی کە بێدەنگ بوو دۆسـیەکەم لە ناو سـاکەکەم دەرهێنا و بە پەرۆشـەوە پێم گوت " ئەو شتانە لە بیر کە من پارێزەری تۆم و تەواوی هەوڵی من ئەوەیە لەم کێشە ڕزگارت کەم یان دەبیٚ بیســـەلمێنم کە تۆ تەواو نی و ئەگەر توانیم ئەوە باقی ژیانت دەبیٚ لە نـاو شـــێتخـانە بژی ، یـان زۆر شـــانس بێنی و بە هەر شـــێوەیەک بیٚ ڕەزایەتت بۆ وەربگرم کە ئەســتەمە ، بۆیە داوات لێدەکەم جارێک لە ســـەرەتاوە ڕووداوی ئەو شەوەم بۆ بگێڕەوە و واز لەو شێر و ڕێوی هێنانەوە بێنە بۆ من باشە؟

چاویٚ تێبڕیمەوە و ئەم جارە بە دەنگێکی تێکەڵ بە دڵەڕاوکێوە گوتی" کە خوێن پڕژایە دەم و چاوم نازانم چۆن بوو ڕاچەنیم تەواوی گیـانم لە ئارەقە دا خووســـابوو جووجکەکەم جیکەی نەدەهـات " دەی دوایی ؟ " لە ژێرمـدا پلّچ و پـان ببۆوە نەیدەجیکاند تێدەگەی من تەنیا خوێن بەری چاوی گرتبووم و .. "

**فەرهاد ساڵەحیفەر**

(١)

**«ڕستە چیرۆکی "چیرۆک"»**

میوانم هەبوو، منداڵەکانیش نەخۆش بوون؛ چیرۆکەکم هەڵفڕی!

(٢)

**«ڕستە چیرۆکی "-CL"»**

کۆلۆڕاید، لە سەر ئەسرینی کورد باڵاخانە چا دەکا.

**لەیلا خاکی**

## «هالی»

دەڵێن لە پشتبێندی حەسارەیی کویپیپێرەوە لە دایک بوی؛ وابزانم دە کەتیبە کەونارەکانی بابێلیش دا دیاری.

هالی! بۆ هەوەڵ جار کە تۆم دیت، لە بۆشایی ئاسمان دەدرەوشایەوە؛ پرچت لەو سەر بۆ ئەو سەری کتێبەکە هەڵخستبوو.

خەلکی، بەوپەڕی ترسو لەرزەوە چاویان لێ دەکردی و دەپاڕانەوە:

"خوایە نەکەی! نەکەی کارەساتێکی دی!"

تۆ چاوێکت لێ داگرتم و وتت: " لە وانەیە ئەستێرەوانێکی باشت لێ دەرچێ!"

کە چی ئەستێرەوانیشم لێ دەرنەچوو!

هالی! بابم دەڵێ: "لە کانی خوولای بووم کە لە ئاسماندا دیار کەوتی؛ هەوەڵێ پێمان وابوو مووشەکی حرووسانە!"

ئەمن پێکەنیم. هەر وەها دەڵێ: "فریشتەکان تۆیان لە ڕێزن هاویشتوە بۆ نەمانی هەرچی جنۆکەو شەیاتینی قیزەوەنە"

هالی! بابم زۆر لە خواوەندی مەزن دەترسێ شک نابم درۆیە بکا.

**تێبینی:** "ستارە دنبالەدار" هالی هەر ٧٥ یان ٧٦ ساڵ یەکجار بە زەوی نیزووک دەبێتەوە.ئاخرین جار لە ساڵی ١٩٨٦میلادی وەدەر کەووت.

چەند ڕەستەی ئاخریش بە نیمچە دەستکاریەک ئیشارە بە یەکێک لە ئایاتی قورئان دەکا.

**لەیلا خاکی**



## «کوودەڵە»

چاوی قووچاندو مژێکی لە سیغارەکەی دا; لاقی لە سەر لاقی دانابوو و دەتگوت کوڕی "شاتر میش ئاغا"یە. شاترەکەی نانەواخانە بە خۆی دەگوت: خوڵات خۆم میشێل عوسمانی! ئاوا دەبێ قسەکردن! کوردییەکی ڕەوان, فارسییەکی ڕەوان, تورکییەکی ڕەوان!

باوکی شیرین ببو بە بەرپرسی ئیدارەی گۆڕانی ڕێبازی لافاوە کۆمەڵایەتییەکان. دەستێکی بەسەر کۆڵانی زیندان دا هێناو تەواوی ئەو گەنجانەی عەوداڵی کچەکەی ببوون; ڕەوانەی بەندیخانەی کردن و خۆیشی خانەنشین کرد. خانەنشینی بۆ ئەو جگە لە نان کڕینەکەی لای میشێل عوسمانی هیچ دەسکەوتێکی دیکەی پێ نەبوو. میشێل عوسمانی دەیگوت: قەد, نابێ لەو قەددە بڵێندتر بێت! وەزن, نابێ لەو وەزنە زیاتر بێت!

٥٩ لاو تێکڕا لە لافاوەکەدا نوقم بوون و میشێل عوسمانی نانێکی دیکەی پێوەدا و گوتی: بوودجەو بۆ دێنم!

باوکی شیرین گوتی: بوودجەت دەدەنێ, دەدەنێ, چۆن ناتدەنێ! لێت دەخۆن!

چاوی هەڵێنا و قونچکە سیغارەکەی لە تەندوورەکە خست و ئەو خەونەی کە ئێستا نەمدیتبوو; بۆ میشێل عوسمانی دەگێڕاوە و دەیگوت:

خوڵات خۆم میشێل عوسمانی!

**بیژەن ڕەحمانی**

## «دۆسییە»

ڕۆژێک دوای چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ دادوەر لەسەر دۆسییەی پەنابەرییەکەم. لە ناوەندی شار، دادوەرەی دۆسییەکەمم بینی خەریک بوو ساندویجی سەرپێیی دەفرۆشت. ساندویجێکی سۆسیسم لێ کڕی و بەبێ ئەوەی خۆی تێبگەیەنم ڕۆیشتم. دوای بڕێک پیاسە، کاتێک بە شەمەندەفەر دەچووم بۆ باکووری شار بۆ سەیرکردنی شانۆ، دادوەرەکەم لە شەمەندەفەرەکەدا بینییەوە، ڕووبەڕووم دانیشتبوو و ساندویجی سۆسیسی دەخوارد. لە هۆڵی شانۆی باکووری شاردا، جارێکی دیکە دادوەرەکەم بینییەوە، ئەمجارەیان لەسەر سەکۆی شانۆ ڕۆڵی پاڵەوانی سەرەکیی شانۆکەی دەگێڕا. دوای شانۆکە، کاتێک بۆ سەردان بەرەو پێشانگای هونەرمەندانی پەنابەر دەچووم، دادوەرەکەم بینی لەقەراغ باخچەیەکی بچووک دوو_سێ بوتڵی بیرە خواردبووە و، سەرخۆش قسەی دەپەڕاند. لە کاتی سەیرکردنی تابلۆکانی پێشانگاکە، پۆڕترەیەکی دادوەرەکەم بینی لووتی هەڵهێنابوو و خەریک بوو سیگاری بەرگی دەکێشا. ئێوارێ کاتێک دەگەڕامەوە ماڵێ، دادوەرەکە شەمەندەفەرەکەی هێڵی لای گەڕەکی ئێمەی لێدەخوڕی.

شەو کە چوومەوە ماڵێ و تێخزام و خەوتم؛ دەوری سەعات دوو_سێ و ئەوانە، دادوەرەکەم گوتی: "لینگت هەڵێنە!"

**ناسر فەتحی**



## «بە شاهیدیی بابم»

لەبەر ئەوەی خودا کەسێکی ئابووری بوو؛ لەبری دروستکردنی جەحەندەمێکی دیکە ـ بۆ ئەوەی لەلایەک بەحەشت زۆر چۆڵ نەبێ و لەلایەکی دیکەشەوە جەحەندەمییەکان گلەییی تەنگەبەریی جێگاوڕێگایان نەبێ، سەرپشکی کردن لەوەی کێ پێیخۆشە دەتوانێ بارگەوبنەی بپێچێتەوە و بچێتە بەحەشت.

**ناسر فەتحی**

## «زڤڕین»

ئەم دیمەنە لام نامۆ نیە. ئەڵێی هەزارجارم دیتووە. هێڵی سپی ناوەڕاستی جادە کە بە حاڵ لێم دیارە، ئەو گارد ڕەیەلانەی کە دەستیان داوەتە یەک تا لەم ڕێگە ناکۆتایەدا پێشوازیم لێ بکەن، ئەو دارە بێ سەمەرانەی لە لێواری جادەدا دەست بۆ ڕێبواران ڕادەتەکێنن، هەموویانم پێشتر دیتووە.

پێم لەسەر گازی ماشێنەکە شل بووە.هەست دەکەم میلی خێرایی چەندین سووڕی داوە و نزیکە سووڕێکی دیش تەواو بکا. هاڕەی ماشینەکە و هاژەی با تێکەڵ بە یەک بوون. هەرچەندە من خێراتر لێدەخوڕم باش توندتر بەرپەرچم دەداتەوە. لە ناو تەپ ونمی بەیانی ئەم ئوتووبانەدا و بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر دەمەوێ بگەمە ئەو شارەی لە دووڕرا بە چرای کزی شەقامەکانی مناڵیم چاوەشارکێم لێ دەکا. چرای سەرووی ئۆتۆمبیلەکەم کردۆتە قەڵغانی تەم.بەڵام هێشتاش چەند مەتر زیاتر هەتەر ناکا. نازانم تاسەی من بۆ گەیشتن بە زێدەکەم زۆرە یان ئەم ڕێگایە بێ بڕانەوەیە! ئەڵێی هەموو دانیشتووانی ئەم شارە نوستوون یان ڕەنگە کەس پێ نەوێرێ خۆی لەم تەم و مژە بدا و بگاتە بەردەم ئەم شارە. وەک شارێکی ئابڵۆقەدراو کەسی لێ نایەتەدەرێ و لە لاینەکەی ئەو بەرم چ ماشینێک بەدی ناکەم. چون وارێکی نەفرینکراویش کەس ڕووی تێناکا و لەم جادەیەدا هەست دەکەم هەر بە تەنها خۆمم. ئێرە بە پێچەوانەی زۆربەی شارەکانی دنیا بە پیر مرۆڤەوە نایە.بەڵکوو لێی دەپرینگێتەوە. هەتا ئیدی منیش ناناسێتەوە. هەرچەندە بە مەراق دەمەوێ ئامبازی بم ئەو بە بێزارییەوە دەسڵەمێتەوە. من ئەم شارەم پێ ناگیرێ. بە بینایی لێم دیارە و بە مەودا لێم دوور.

هەر ئەڵێی ئەم دیمەنەم هەزارجار دیتووە. تەمتوومانێکی سەیرە. هاژەی با و هاڕەی بزوێنەری ماشینەکە وەک بە گڕ یەکدا بچن ئاگادارم دەکەنەوە. خێراییەکی خەیاڵی لێدەخوڕم و پێ نزانم. پێم توند بە سەر پیداڵی گازەکەدا نووساوە. میلی خێراییش ئیدی گەیشتۆتە دوا حەددی خوێ. لەوە زیاتر ئیدی نە من بڕ دەکەم نە ماشینەکە و نە هەتا باش تەوانی هەیە. بەو خێراییەش هەست دەکەم بۆ چەند چرکەیە وەستاوم. هەست دەکەم وەک چۆن مرۆڤ لە ناکۆتا بگاتە هیچ وەها وەستاوم و نابزووم. وەک لە زەمان جێ مابم، سەرم بە هێواشی بۆ لای چەپی جادە و لاینی

ئەوبەر خوار دەکەمەوە. ئامبولانسێک بە ئاژیرەوە خێرا لێدەخوڕێ و هەر دوو سەرنشینەکەی بە نیگایەکەوە کە لە هاواری کەسێک دەچێ کەسێک گل بداتەوە لێم دەڕوانن. دوای ئەوەی لە لام ڕەت بوو لە ئاوێنەکەدا دیتم لە قەدبڕێکی جادەکەدا دەوری دایەوە و هاتە لاینەکەی منەوە. بە ناو تەمدا توندتر و خێراتر دەئاژووم و پێم سەیرە نە ئەگەم و نە وەستاوم. گۆیا زەمان بە ناکۆتادا سەیر دەکا . ئامبۆلانسەکە بە خێرایی لە تەنیشتم تێدەپەڕێ. چەند سەد مەتر لە پێشەوە لە لای ڕاستی جادەکە دەوەستێ. قەرەباڵغییەکە. چەند کەس لە دەوری ماشێنێکی تێکشکاو کۆ بوونەتەوە.چەند کەسێک دەبینم بە هات و هاوار کەسێک لە ماشێنە تێکشکاوە دەردێنن. بەخێراییەک کە زەمان تێیدا بێ مانایە بە تەنیشت ئەو جەماعەتەدا تێدەپەڕم و بە هێمنی مەرگێک کە یەکسەر ژیان هەڵلوشێ و بیوەستێنێ، سەرم بۆ لایان دەسووڕێنم. سەیریان دەکەم. لە ناو هەرا و زەنای ئەو چەند کەسەدا و لە گەڵ قیژەی ئاژیری ئامبولانسەکە جەستەی پیاوێک دەبینم بە دەم و چاوێکی خوێناوی کە دوو کەس چوارپەلیان گرتووە و بەرەو ئامبولانسەکەی دەبەن. خودایە! خودایە! تا ئێستا ئەوەندە بەزەییم بە کەسدا نەهاتووە. سەرم وەردەگێڕم. پێم لە سەر پداڵەکە شلتر دەکەم. خێراتر و خێراتر لێ دەخورم.لە ئاوێنەکەدا تەماشای خۆم دەکەم. نابێ...نا نا... نابێ. چۆن ئەبێ من خۆم نەناسمەوە؟!

**موحسین سوبحانی**



**«ون بوو»**

ئەم بەیانییە کە لە خەو هەستام، قورسایەکی زۆر تەواو گیانمی داگرتبوو. چاوێکم لە سەعاتەکەم کرد. سەعات ٦ بوو؛ ٦ی ڕاست. جێخەوەکە بەری نەدەدام، بە هەر شێوەیەک بوو هەستام و ئاوێکم بە دەم و چاومدا کرد.

چاوم لە ئاوێنەکە کرد پیاوێکی تەمەن ٦٠_٧٠ ساڵم بینی، سەیری نێو چاوانمی کرد و لێی پرسیم:

دەتەوێ بە چی بگەی لەم دنیایە؟

_نازانم

دەتوانی مانایەک بۆ ژیان بدۆزییەوە؟

_نازانم

ئەی خەریکی چی لەم دنیایە؟

_نازانم

ئەم ئێوارە کە لە خەو هەستام، قورسایەکی زۆر تەواو گیانمی داگرتبوو. چاوێکم لە سەعاتەکەم کرد. سەعات ٦ بوو؛ ٦ی ڕاست. جێخەوەکە بەری نەدەدام، بە هەر شێوەیەک بوو هەستام و ئاوێکم بە دەم و چاومدا کرد.

چاوم لە ئاوێنەکە کرد منداڵێکی تەمەن ١٠_١٢ ساڵم بینی، سەیری نێو چاوانمی کرد و لێی پرسیم:

کێ ئەم دنیایەی ساز کردوە؟

_نازانم

ئێمە بۆ هاتووین بۆ ئەم دنیایە؟

_نازانم

دەبێ بە چی بگەین لەم دنیایە؟

_نااازانم

**هیوا شاهیان**

## «وەرزی پێنجەم»

ـ چاو لە چی دەکەی گەوجە؟

ـ لەتۆ؟

ـ برۆ بێهوودە سەیری من دەکەی تۆ هیچکات ناتوانی بۆی بچی چ دەبینی کەرە شێتی بەڕڕەڵڵا!

رووت بۆتەوە، وەرزی هاوینە وابزانم، بەڵام بۆ هێندە ساردە؟ لە سەر هەموو جێناسکەکانی لەشـی کێل و بەردێکی لێبوو، وەک کەسـێکی لەهەرکام لەم شـوێنانە ناشـتبێ. چاوم لە چاوی بڕی کە چی لە

هەردووک چاویدا دوو کێل و بەردی دیم دیت !

ئەمن کەنگێ مردووم؟ دستم بە تاتە بەردە پانەکەی سـەر سـینگمەوە کێشـا، هەسـتێکی نامۆ و سـارد لە دەروونم چەقەرەی دا چاوم لە چاوی بڕییەوە خەریکبوو لە پەنا کێل و بەردەکەی خۆم بە هەزاران شـکۆفە دەکرانەوە نەک هەر کێل و بەردەکەی من ، بە تەواوی گەی لەشیدا و هەموو کێل و بەردەکانی دیکەشیدا هەر گوڵ بوو چەقەرەی دەدا و بە بەژن و باڵایدا هەڵدەگەڕا! لەبەر برووسـکەی هەتاو دەدروشـاوە و منیش چیتر هەسـتم بە قورسـایی تاتەبەردەکەی سـەر سـینگم نەدەکرد. کتووپڕ هەوا گۆڕا، رێک لەو دەمەی خەریکبوو پرسـیارێکی لێبکەم زاری کردەوە تەپ و مژێکی سـەیر لە زاری هاتەدەرێ و دوابەدوای ئەویشـدا کلوو کلوو بەفر دایدا، تەواوی گوڵەکان هەڵوەرین و چەق و چۆ دایگرتم لە ماوەیەکی کورتدا هەموو کەوتینە ژێر بەفرێکی قورس و ئیتر وەها دمم کیپ بوو کە وێنەدەچوو تا توانەوەی بەفرەکان بتوانم هیچ بڵێم. وەرزی پێنجوم خەریکە دادێ؟ رووت بوومەتەوە هەرچی لە پەنام دا دێ ناوێرێ چاو لە چاوم برێ ئاخر کێ بێ پێیخۆش بێ جەنازەی هەڵپەسێردراوی خۆی ببینێ؟

وەرزی پێنجەم گەیشـتووە، ئەم وەرزە لە مێژ بوو دەسـتی ئێمەی پێڕانەدەگەیشـت، زۆر جار حەولمان دا بگەینە ئەم شـوێن و وەرزە نەکرا، تێلدڕووی سـەر سـنوورەکان هەموو لاق و لەتەرییان هەڵ دەبڕین، مینەکان دەیان تەقاندینەوە، لە پشت مەخزنی ماشێنە گەورەکان کە دەیان شاردینەوە جاری وابوو سێ رۆژمان زیاتر پێدەچوو زۆربەشمان ئاوا دەخنکاین، لاقم لەسـەر سنوورەکان، چاوم لە سێرە گرتنەکان، دەسـتم لە ئەشکەنجەگاکان ، مەمکەکانم لە

شـەڕێ و مێشـکم لە شـێتخانەیەک بە جێ ما، تەنانەت رۆحی من و چەن کەسـی دی کە سـواری کەشـتی درۆزنەکان دەبووین کە هەمیشـە لە دوور و نزیکی وەرزی پێنجەم دوای وەی کچە جوانەکانیان داگیر دەکرد کەشتییەکەیان دەخنکاند و هیچکات نەدە گەیشتینە ئەو وەرزە، ئەم وەرزە شـوێنی پشـوودانی یەکجاری هەمووان بوو، خەونی منیش، ئی تۆش هەستمان بە کەمایەتێک دەکرد، بە کەم دانانێک، بە کەم گرتنێک، بە کەم کردنەوەیەک... هەموومان ون ببووین لە زەنازەنای هات و هاوارێکی تیژتێپەڕدا، وەریان نەگرتین هەزار جار کووژراین و هەموو خۆمان لە بیلبیلەی چاوی یەکتر دا دەدیت کە بووینەتە کێل و بەرد یان هەڵواسـراوین...دایکم دەیکوت شـەڕ مەکەن، کەچی بە هەزاران شـێوە شـەڕمان کرد. بەڵام واش نەبوو هەر کەس کوژرا مردووە! ئەوەنێ خۆمان گەیاندۆتە وەرزی ئێوە، ئەو وەرزەی ئێمەی بەکەم دانا، خەتای من نیە و نازانم بۆ ئاوا گەیشـــتوومە ئێرە ، بەم جەنازە جێماو و ونجڕ بە ونجڕەم تا سـەر نەبڕم و چنگ لە دڵتان رۆنەکەم و بین بە شـارەگتانەوە نەنێم تێر نابم ، من تازە لەو وەرزە تێپەڕیوم و بڵاو بوومەتەوە ! خۆشـەویسـتم لە کۆێی من ئێستاش تۆم هەر خۆش دەوێ!

**مریەم قازی**



## «تەنیایی...»

چاو دەگێڕم لە نێو ئەم تاریکییەدا هیچ شتێک نابیندرێ یا من ناتوانم بیبینم.

وردتر دەڕوانێ تۆنگێکی شیشەیی لەسەر مێزی پشت تەختەکەی دانراوە.

لەســـەر تەختەکە گلۆڵە دەبیت و ســـەرت دەبەیتە نێو، نێوگەڵت و هەرچی هەوڵ دەدەیت باوەشی پێدا بکەیت لێت دوور دەکەوێتەوە.

ساردییەک جەستەم دادەگرێت و تەزووی سەرما تا سەر ئێسکەکانم خۆی دەچەقێنێ.

خۆی بە پشـتەوە دەخات و شـێری ئاوە گەرمەکە، بەردەداتەوە بە سـەر خۆیدا؛ لەشـی گەرم دادێت.

وانەکە" پڕ دەبێت لە ئاو و ئاو لە سەرت نزیک دەبێتەوە.

هەرچی دەکەم خۆم بۆ بەرز نابێتەوە و دەستیشم بە شێرەکە ڕاناگات.

کەسێک سـەرتاپێ ڕەش سـەرسینگی گرتووە و ڕێگە لە هەڵسانەوەی دەگرێت، هەناسەی سوار بووە و هەست بە خنکان دەکات.

هەردوو دەستتی گرتووە و قوڕگت دەگووشێت.

خۆی داپۆشـیووە وا دەزانێ نایناسـمەوە؛ ئەوە سـاڵێکە بە هەمان شـێوە لە سـەر سـەرم دادەنیشـــێت، تەنانەت دەزانم کێشـــی چەندە و باڵای چەندە بەرزە و چ بۆنێک دەدات؛ چ تامێکی تاڵی هەیە... دەیناسـمەوە ئەوە دیســان تەنیاییە لێم نزیک بۆتەوە بەڵام ئەم جار هاوڕێیەتیم ناکات و بە قەستی کوشتنم هاتووە.

چیتر پەلەقاژێ ناکەیت، دەڵێیت: با بمکێشـــێتە بەر حەســاری ئەشـــکەنجە و فیلمی بیرەوەرییەکانم یەکە یەکە بۆ نمایش بکات.

دوو کاتژمێر دەبێت لە سـەر ئاوەکە کەوتووم و کەس ئاگای لێم نییە، هەموو شتێ لە نێو تاریکی چەقیووە هیچ ڕووناکییە نییە تەنانەت هیچ ماشـــینێک لێرەوە تێپەڕ نابێ تا ڕووناکی چراکەی لە پەنجەرەی ژوورەکەم بدات.

کات بە کولی دەڕوات و سەری قورس بووە؛ تەواوی ژوورەکەی بۆنی نم دەدات و خۆیشی بۆنی ماسی مردارۆبووی لێ دێت.

دەست بۆ شیشەی ماسییەکان دەکێشیت، ماسی ڕەشەکە بە زۆر کلکی بۆت دەجووڵێنێتەوە؛ بە دەوریدا دەسووڕێیت باڵ باڵ لێدەدەی بەڵام ئەو لە جێی خۆیدا ناجووڵێت.

زمانم تا نێو دەمم دەبەم تا دەمی بکاتەوە، لە پڕ گازم لێدەگرێت؛ لێوم شەلاڵی خوێن بووە، ڕەنگی ئاوەکە بە تەواوی سوور بووە و من لە تاو ژان بە سەر سەرەوە دەخولێمەوە.

دەڵێ: چ کەشێکی ڕۆمانتیک بوو ئەو ئێوارە زستانییەی بەرەو بەهار دەچوو. هەرچەند هەڵبژاردەی خۆتان نەبوو و لە لای کچێکی گەنجەوە هەڵبژێردرابوون.

لە تەواوی ڕێگاکەدا شەپۆلە یەک لە دوای یەکەکانی ئاوی دڵقەکە، بە سەر یەکتریدا دەخستن.

بە دەور یەکدا دەسووڕاینەوە و جار جار لەشیشمان لە یەک دەکەوت و بزەیەک دەیگرتین. منیش باڵەکانم بە سەریدا دەخشاند و بە لار و لەنجەوە بۆ لای مەلەم دەکرد.

کەچی ئێستا کلکیشی بۆت ناجووڵێنێتەوە.

ماسی ڕەشەکە دەمێکە مردووە و منیش دوو کاتژمێرە لە سەر ئاوەکە کەوتووم.

**شەرمین ساڵحی**

«...»

ـ لە جێگەی من بای تۆ، چت دەکرد؟

ئەو پرسیارە تەواوی شەو مێشکمی داگرتبوو، (لە جێگەی من بای تۆ، چت دەکرد؟) لەلایەک لاشەی ساحێب پرسیار کە وام لە خوێنی خۆیدا شەڵاڵ کردبوو تاحەوت پشتان نەتوانێ خوێنی کەس بمێژێ و، لەلایەک دوایین وتەی لە چاوان و بیرم خەویان حەرام کردبوو.

یەک دووجار دەستم ڕاوەشاند پێم کوت: "لە کۆڵمبەوە، لە گیانی خۆت تێر بووی؟"

وازی هەر نەهێنا، هەرخولەکە و دەنگی تیژتر دەکرد.

کوتم: "ڕاوەستە با بنووم جا خۆت تێرکە خوێنمژ!"

کوتی: "بۆخۆم نییە بۆ مناڵەکانمە!"

ـ مناڵی چی؟ ئەنگۆ مەگە بەدەستە نایەن بۆ ڕاو؟"

ـ با بەدەستە دەیێین بەڵام تۆ دوو شەو لەمەو بەر خێزانم و دوومناڵمت وەک عەلی کیمیایی خستە بەر شاڵاوی گازی خنکێنەر!

ـ ڕاست ناکەی، من کەسم نەکووشتووە، هەر فیلمی بکووژ یا ئینسانە گوورگینەکانیش دەبینم دەستبەجێ کاناڵ دەگۆڕم!

ـ بەڵام تۆ ئەوێ شەوێ هەر لە خۆڕا خێزانی منت دەرمانداو کرد، ئەوان خۆ بۆ لات نەهاتبوون، هەر لە لات تێدەپەڕین!

ـ دادەی پێشانمیاندە گەر بە هۆی منەوە ئیفلیج بوون یا دەرمانداو کراوون!

گەر ئەوەم بە مێشوولە کە کوت دستی هێنایە پێش و کوتی: "دەستمبگرە با بڕۆین" گەر چووم دیتم ڕاستدەکا، لەبن یەکێک لە گەلاکانی دارە گوێزی حەسارێمان سێ جێ دەستە نوێنی ڕاخستبوو و مناڵەکانی و خێزانی لارەو لار تەیدا خزیبوون و هەر خولەکە و دووسێ جار دەکۆخین. ڕووی لە من کرد کووتی: "تۆ لە جێگەی من بای چت دەکرد؟"

دەستم درێژ کرد: کووتم تا ئەو جێگەی پێت خۆشبوو بە کەیفی خۆت خوێنی لێ هەڵمژە! هەر ئەوەندە چزووی لە نەرەمایی بەڕی، دەستووبرد بە دەستەکەی دیم، نەخوازراو زللەیەکم لێدا...

ئێستا تێداماوم چۆن بنووم!؟

**ڕەزا فرووغی**



## «کەئابەی دەقێک»

زۆرم لەخۆم کرد تا چاوەکانم هەڵبێنم، سەرنجم کەوتە سەر کتێبە پەرتبووەکانی بەردەمم، دەستم بۆ یەکیان برد، بەڵام هەر زوو دەستم کێشایەوە دواوە، ویستم هەڵسم سەرم زۆر بەقورسی بەسەرینەکەوە نووسابوو، بۆگەنێک لە دەممەوە دەهاتە دەرێ وڕوکاسی دەکردم. دەستم بۆ بتڵەکەی بەردەمم برد، بەڵام پێش ئەوەی دەستم بیگاتێ کێشامەوە. دیسان سەرئێشە وەڕسکەرەکە تادەهات دنیای لێ تەنگتر دەکردمەوە. بەهەردوو دەستم سەری خۆم گرت و بەتووندی دەمگووشی، ویستم هەڵسمەوە سەرم بەگێژەوە هات و کەوتمەوە سەر سەرینەکە، بۆ ماوەیەک بێ هۆش کەوتم. لەخەوێکی ناخۆش ڕاپەڕیم! جەستەم شەڵاڵی ئارەقەیەکی ساردبوو، دەستەکانم لەشێوەی مست توند گوشین و بە هەموو هێزی خۆم بە زەویەکەمدا دەدا و دەگریام، خەریکبوو بۆ گەن بکەم، ژیان نەفرەتێک بوو بەڕووی منەوە. بە زۆر لەخۆکردنەوە لەژێر جێگاکە هەتمە دەر، دەستم بۆ قاپەکەی بەردەمم برد، بینم پێوەنا، بەیەکجار بەرماوەکەی ناویم هەڵقوڕاند، هەستمکرد ڕێڕەوی هەرسی داماڵیم، هێلنجێکم دا، دوودەست سەر سیەکانیمی دەگوشی و تادەهات هەناسەدانم تەنگتر دەبووەوە، ویستم خۆم بەشتێکەوە سەرقاڵ بکەم ، سەیرێکی کتێبخانەکەم کرد حەزم بۆ هیچ نەدەچوو، ئەو گۆڤارەم هەڵگرت لەسەر مێزە بچووکەکەی بەردەمی کتێبخانەکەدا داندرابوو، چوومە ناندێنەکە، چایەکم لە سەرنا، لەسەر چارپایەکە دانیشتم و گۆڤارەکەم هەڵدایەوە، سەیری پێرستی بابەتەکانم کرد، ترسێکی زۆر کەوتە ناخمەوە، گۆڤارەکەم داخستەوە، چاوم لەسەر چەقۆیەک جێگیربوو، کە لە سێوێک چەقێندرابوو، بۆساتێک خەیاڵم ڕۆیشت دەستم بۆ چەقۆکە برد و لەسەر دڵی خۆم چەقاند، خوێن فیچقەی کرد، ژنێکی سەرتاپا وەنەوشەیی پرچێکی سپی بە سەر شانەکانیدا بەردابووەوە، خوێن لە قوڕگی دەچۆڕا و سەری بە سەر شانی چەپیدا لاربووەوە، قاقایەکی ترسناکی لێدا، ڕاچڵەکیم! گوێم لە دەنگی هەڵچونی چایەکەبوو، بەپەلە ئاگرەکەم خامۆشکرد وچایەکم تێکرد. قاقایەکە لەگوێمدا دەزرینگایەوە، ترسێک سەرتاپامی داگرتبوو، چایەکەم بۆ لێوم برد و قومێکم لێی دا، دەتگووت ژەهری مارە، دووسێ کەوچک شەکرم تێ کرد، بەڵام تا دەهات تامەکەی لە دەممدا تاڵتردەبوو. پیاڵەکەم دانایەوە، بە ترسێکەوە گۆڤارەکەی بەردەمم کردەوە. هیواداربووم ئەو شتەی خوێندبوومەوە ڕاست نەبووبێ و تەنیا خەیاڵێکی خۆم بووبێ.ل. چاوی

خۆم هەڵگلۆفت و پێرستی ناونیشانەکانم خوێندەوە:

( چیرۆکی خۆکوشتنەکەم / نووسینی : شارۆ بتشکێن)

دەنگی میاوەی پشیلەیەک لەو دیو دەرگاکەوە هات، ڕایچڵەکاند!، لەرزێک کەوتە هەناومەوە، ئەو چیرۆکە نەفرەتیە چیە؟! ئەی بۆچی ناوی منی بەسەرەوەیە، لەکاتێکدا هەرگیز چیرۆکێکم بەو ناوەوە نەنووسیوە، مستەکانم تووند گووشین و بە مێزەکەی بەردەممدا کێشا، بەنەفرەت بن ئەو مەهزەلەیە چیە؟ چۆن دەتوانن چیرۆکێک بەناوی منەوە بڵاوبکەنەوە لە کاتێکدا نە من نووسیومەو نە من بۆم ناردوون؟ مۆبایکەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و یەکسەر تەلەفۆنم بۆ سەرنووسەری گۆڤارەکە کرد.

هەرگوێم لە بەڵێیەکەی بوو، بە توڕەییەکی زۆرە گوڕاندم: کاک ئازاد ئەو مەهزەلەیە چیە؟ بەنەرمیەکەوە وەڵامی دامەوە : چی بووە هاوڕێ؟ کێشەیەک هەیە؟

لەکاتێکدا پەڕەی گۆڤارەکەم هەڵدەدایەوەو دەستم دەلەرزی، قوڕگم نووسابوو، گوڕاندمەوە: لەوە کێشەتر هەیە لەژمارەی ئەمجارەتاندا چیرۆکێکتان بەناوی منەوە داناوە لە کاتێکدا ئەو چیرۆکە هی من نیە؟ بەبێ ئەوەی ڕیتمی نەرمیەکەی خۆی تێک بدا پرسی: تۆ دڵنیای لەوە؟ منیش هەناسەیەکم هەڵکێشا: کاکە وا نابێ برام وا نابێ، واتا تۆ ئەوەت نەدیوە؟ گوتی: هەموو دەقەکانی ئەم ژمارەیەم خوێندوەتەوە، بەڵام چیرۆکێکم بەناوی تۆوە بەرچاو نەکەوتووە! منیش هەمان ئەو پەڕەیەم کردبووەوە، کە چیرۆکەکەی تێدابوو گوتم: کاکە ئەوەتا چیرۆکەکە لەبەر دەستمدایە. ئیستێکم کرد، شتێکی سەیر سەرنجی ڕاکێشام، چەند دێرێکی سەرەتام خوێندەوە(

زۆرم لەخۆم کرد تا چاوەکانم هەڵبێنم، سەرنجم کەوتە سەر کتێبە پەرتبووەکانی بەردەمم، دەستم بۆ یەکیان برد، بەڵام هەر زوو دەستم کێشایەوە دواوە، ویستم هەڵسم سەرم زۆر بە قورسی بە سەرینەکەوە نووسابوو، بۆگەنێک لە دەممەوە دەهاتە دەرێ وڕوکاسی دەکردم).

گوێم لە ئەلو ئەلو بوو لەمۆبایلەکەوە، بەڵام تووشی سەدمە ببووم و نەمدەتوانی هیچ قسەیەک بکەم، شریخەی هەور بە ئاگای هێنامەوە، کەوتمەوە خوێندنەوەی:

(

زۆرم لەخۆم کرد تا چاوەکانم هەڵبێنم، سەرنجم کەوتە سەر کتێبە پەرتبووەکانی بەردەمم، دەستم بۆ یەکیان برد، بەڵام هەر زوو دەستم کێشایەوە دواوە، ویستم هەڵسم سەرم زۆر بە قورسی بە سەرینەکەوە نووسابوو، بۆگەنێک لە دەممەوە دەهاتە دەرێ وڕوکاسی دەکردم. دەستم بۆ بتڵەکەی بەردەمم برد، بەڵام پێش ئەوەی دەستم بیگاتێ کێشامەوە.

دیسان سەرئێشە وەڕسکەرەکە تادەهات دنیای لێ تەنگتر دەکردمەوە. بە هەردوو دەستم سەری خۆم گرت و بەتووندی دەمگوشی، ویستم هەڵسمەوە سەرم بە گێژەوە هات، کەوتمەوە سەر سەرینەکە، بۆ ماوەیەک بێ هۆش کەوتم. لەخەوێکی ناخۆش ڕاپەڕیم! جەستەم شەڵاڵی ئارەقەیەکی ساردبوو، دەستەکانم لە شێوەی مست توند گوشین و بە هەموو هێزی خۆم بە زەویەکەمدا دەدا و دەگریام، خەریکبوو بۆ گەن بکەم، ژیان نەفرەتێک بوو بە ڕووی منەوە. بە زۆر لەخۆکردنەوە لەژێر جێگاکە هەتمە دەرەوە دەستم بۆ قاپەکەی بەردەمم برد، بینم پێوەنا، بە یەکجار بەرماوەکەی ناویم هەڵقوڕاند، هەستم کرد ڕێڕەوی هەرسی داماڵیم، هێڵنجێکم دا، دوو دەست سەر سیەکانیمی دەگوشی و تادەهات هەناسەدانم تەنگتر دەبووەوە، ویستم خۆم بە شتێکەوە سەرقاڵ بکەم، سەیرێکی کتێبخانەکەم کرد، حەزم بۆ هیچ نەدەچوو، ئەو گۆڤارەم هەڵگرت لەسەر مێزە بچووکەکەی بەردەمی کتێبخانەکەدا دانرابوو، چوومە ناندێنەکە و چایەکم لەسەرنا، لەسەر چارپایەکە دانیشتم، گۆڤارەکەم هەڵدایەوە،سەیری پێرستی بابەتەکانم کرد ترسێکی زۆر کەوتە ناخمەوە، گۆڤارەکەم داخستەوە، چاوم لەسەر چەقۆیەک جێگیربوو، لە ناوەڕاستی سێوێک چەقێندرابوو، بۆساتێک خەیاڵم ڕۆیشت دەستم بۆ چەقۆکە برد، لەسەر دڵی خۆم چەقاند، خوێن فیچقەی کرد، ژنێکی سەرتاپا لە نێو جلی وەنەوشەییدا، پرچێکی سپی بە سەر شانەکانیدا بەردابووەوە ، خوێن لە قورگی دەچۆڕا و سەری بەسەر شانی چەپیدا لاربووبووەوە، قاقایەکی ترسناکی لێدا، ڕاچڵەکیم! گوێم لە دەنگی هەڵچوونی چایەکەبوو، بە پەلە ئاگرەکەم خامۆش کرد، چایەکم تێ کرد، قاقایەکە لە گوێیەکانمدا دەزرینگایەوە، ترسێک سەرتاپامی داگرتبوو، چایەکەم بۆ لێوم برد و قومێکم لێی دا، دەتگوت ژەهری مارە، دووسێ کەوچک شەکرم تێ کرد، بەڵام تادەهات تامەکەی لە دەممدا تاڵتردەبوو . پیاڵەکەم دانایەوە، بە ترسێکەوە گۆڤارەکەی بەردەمم کردەوە، هیوادارم ئەو شتەی خوێندبوومەوە ڕاست نەبووبێ و تەنها خەیاڵێکی خۆم بووبێ، چاوی خۆم هەڵگلۆفت و پێرستی ناونیشانەکانم خوێندەوە:

( چیرۆکی خۆکوشتنەکەم / نووسینی : شارۆ بتشکێن)

دەنگی میاوەی پشیلەیەک لەو دیو دەرگاکەوە هات و ڕایچڵەکاندم، لەرزێک کەوتە هەناومەوە، ئەو چیرۆکە نەفرەتیە چیە؟ ئەی بۆچی ناوی منی بەسەرەوەیە، لەکاتێکدا هەرگیز چیرۆکێکم بەو ناوەوە نەنووسیوە؟ مستەکانم تووند گووشین و بە مێزەکەی بەردەممدا کێشان، بە نەفرەت بن! ئەو مەهزەلەیە چیە؟ چۆن دەتوانن چیرۆکێک بەناوی منەوە بڵاوبکەنەوە لە

کاتێکدا نە من نووسیومە و نە من بۆم ناردوون، مۆبایلەکەم لە گیرفانم دەرهێنا، یەکسەر تەلەفۆنم بۆ سەرنووسەری گۆڤارەکە کرد.

هەرگوێم لە بەڵێیەکەی بوو، بەتوڕەییەکی زۆرە گوڕاندم: کاک ئازاد ئەو مەهزەلەیە چیە؟ بەنەرمیەکەوە وەڵامی دامەوە : چی بووە هاوڕێ؟ کێشەیەک هەیە؟

لە کاتێکدا پەڕەی گۆڤارەکەم هەڵدەدایەوە، دەستم دەلەرزی و قوڕگم نووسابوو، گوتم: لەوە کێشەتر هەیە لە ژمارەی ئەمجارەتاندا چیرۆکێکتان بەناوی منەوە داناوە لە کاتێکدا ئەو چیرۆکە هی من نیە؟ بەبێ ئەوەی ڕیتمی نەرمیەکەی خۆی تێک بدا، پرسی: تۆ دڵنیای لەوە؟ منیش هەناسەیەکم هەڵکێشا: کاکە وا نابێ، برام وا نابێ، واتا تۆ ئەوەت نەدیوە؟ گوتی: هەموو دەقەکانی ئەم ژمارەیەم خوێندۆتەوە، بەڵام چیرۆکێکم بەناوی تۆوە بەرچاو نەکەوتووە! منیش هەمان ئەو پەڕەیەم کردبووەوە، کە چیرۆکەکەی تێدابوو گوتم: کاکە ئەوەتا چیرۆکەکە لەبەردەستمدایە. ئیستێکم کرد، شتێکی سەیر سەرنجی ڕاکێشام، چەند دێرێکی سەرەتام خوێندەوە(

زۆرم لەخۆم کرد تا چاوەکانم هەڵ بێنم، سەرنجم کەوتە سەر کتێبە پەرتبوەکانی بەردەمم، دەستم بۆ یەکیان برد، بەڵام هەر زوو دەستم کێشایەوە دواوە، ویستم هەڵسم سەرم زۆر بەقورسی بەسەرینەکەوە نووسابوو، بۆگەنێک لە دەممەوە دەهاتە دەرێ وڕوکاسی دەکردم).

گوێم لە ئەلو ئەلوو بوو لەمۆبایلەکەوە، بەڵام تووشی سەدمە ببووم و نەمدەتوانی هیچ قسەیەک بکەم، شریخەی هەور بە ئاگای هێنامەوە و کەوتمەوە خوێندنەوەی...).

گەیشتمە ئەو دێرە جارێکی دیکە گۆڤارەکەم داخستەوە، دڵم کەوتە تەپەتەپ، ئەوە چیە؟ خۆ ئەوە باس لە ئێستای من دەکات ، سەرم بڵیند کرد، هەمان سێو لەسەر مێزەکە داندرابوو هەمان چەقۆ لەناوەڕاستی چەقێندرابوو، قومێکم لە چایەکە دایەوە تاڵیەکەی بێزاری کردم، چەند کەوچکی دیکە شەکرم تێ کرد، بەڵام تاڵتر و تاڵتردەبوو، دەنگی پشیلەکە هاتەوە ، سەرم سوڕاند لەودیو پەنجەرەکەوە پشیلەکە سەرنجی لێدابووم، وەک ئەوەی پێ بکەنێ، دەنگی پێکەنینێکی ترسناکی لێ بەرزبووەوە، جارێکی دیکە سەردێری چیرۆکەکەم خوێندەوە:

( چیرۆکی خۆ کوشتنەکەم / نووسینی : شارۆ بتشکێن)

مستێکم لە مێزەکەی بەردەمم دا: بەنەفرەت بی، ئەوە چیە؟ بەنەفرەت بی ، بۆچی دەبێ چیرۆکی خۆکوشتنی ئێستام

بخوێنمەوە؟! نەخێر دەبێ ئەو چیرۆکە بە درۆ بێنمەوە، بەڵێ دەبێ بە سەرخۆمدا زاڵبم. ئایا دەتوانم ئەوە بکەم لە کاتێکدا تا ئێرە چی نووسیوە بە ڕاست گەڕاوە! دەتوانم بەر لەوە بگرم بە نەخوێندنەوەی. گۆڤارەکەم داخستەوە، هەناسەیەکم هەڵکێشا، پێ دەچوو ئاسوودەبم، بەڵام زۆری نەخایاند ویستی زانینی کۆتایی چیرۆکەکە بەگیری هێنام، خستمیە نێو گێژاوی گومانەوە. ئەی ئەگەر نووسیبووی:

دەتوانم بەر لەوە بگرم بە نەخوێندنەوەی. گۆڤارەکەم داخستەوە، هەناسەیەکم هەڵکێشا، پێ دەچوو ئاسوودەبم، بەڵام زۆری نەخایاند ویستی زانینی کۆتایی چیرۆکەکە بە گیری هێنام، خستمیە نێو گێژاوی گومانەوە. دەستم بۆ ئەو چەقۆیە برد، کە لە ناوەڕاستی سێوەکە چەقێندرابوو، کاتێک ویستم بەر لە خەیاڵی پێشبینی کردنی چیرۆکەکە بگرم دەستم گەیشتبووە چەقۆکە، دەستم کێشایەوە دواوە.گۆڤارەکەم کردەوە، دەستم کرد بە تەواوکردنی چیرۆکەکە:

(مستێکم لە مێزەکەی بەردەمم دا: بەنەفرەت بی، ئەوە چیە؟ بە نەفرەت بی، بۆچی دەبێ چیرۆکی خۆکوشتنی ئێستام بخوێنمەوە؟! نەخێر دەبێ ئەو چیرۆکە بەدرۆ بێنمەوە، بەڵێ دەبێ بەسەرخۆمدا زاڵبم . ئایا دەتوانم ئەوە بکەم؟ لەکاتێکدا تا ئێرە چی نووسیوە بەڕاست گەڕاوە! دەتوانم بەر لەوە بگرم بە نەخوێندنەوەی.

گۆڤارەکەم داخستەوە، هەناسەیەکم هەڵ کێشا، پێدەچوو ئاسوودەبم، بەڵام زۆری نەخایاند ویستی زانینی کۆتایی چیرۆکەکە بەگیری هێنام، خستمیە نێو گێژاوی گومانەوە. ئەی ئەگەر نووسیبووی:

دەتوانم بەر لەوە بگرم بە نەخوێندنەوەی. گۆڤارەکەم داخستەوە، هەناسەیەکم هەڵکێشا، پێ دەچوو ئاسوودەبم بەڵام زۆری نەخایاند ویستی زانینی کۆتایی چیرۆکەکە بە گیری هێنام، خستمیە نێو گێژاوی گومانەوە. دەستم بۆ ئەو چەقۆیە برد، کە لە ناوەڕاستی سێوەکە چەقێندرابوو، کاتێک ویستم بەر لە خەیاڵی پێشبینی کردنی چیرۆکە بگرم دەستم گەیشتبووە چەقۆکە، دەستم کێشایەوە دواوە. گۆڤارەکەم کردەوە، دەستم کرد بە تەواوکردنی چیرۆکەکە،

....

لەکاتێکدا دەستمکردەوە بە خوێندنەوەی چیرۆکەکە، میاوەی پشیلەیەک ڕایچڵەکاندم، پشیلەیەکی ڕەش لەسەر مێزەکەدا بۆ چرکەیەک ناڵەیەکی لێ بەرزبووەوە، بە هێواشیەکی ترسناک بەرەو ڕووم دەهات، تا دەهات لە پێش چاوم گەورەتر و گەورەتر دەبوو ، قاقایەکی ترسناک لەسوچی ژوورەکەدا هات، تارماییە وەنەوشەییەکەبوو، دەستی ڕاستی گوڵێکی وەنەوشەیی گرتبوو بەرزی دەکردەوە بۆ ئاسمان، چەقۆیەکیشی بە دەستی چەپەیەوە بوو، بە هێواشی بۆ

کن من دەهات، بەپەلە دەستم بۆ ئەو چەقۆیە برد، کە لەدڵی سێوەکە چەقێندرابوو، تا من دەستم گەیشتە چەقۆکە پشیلەکە گەیشتبووە بەردەمم، سەرم لە سەر کۆوارەکە هەڵ بڕی، پشیلەڕەشەکە بەرانبەرم وەستابوو سەیری دەکردم، قاقایەکی ترسناک پێ دەکەنی، چەقۆکە بە دەستمەوەبوو، دەمی بە شکردەوە، ویستی قەپم لێ بگرێت، چاوەکانم داخست، تاهێزم تێدابوو چەقۆکەم بە قوڕگیدا کرد، چەند چرکەیەک قاقایەکی هێواشی دوور لەناو کەللەمدا دەنگیدایەوە، پاشان بێدەنگیەکی سامناک ئەو ناوەی داگرت، بۆن خوێن وڕی کردم، هەستم کرد ساردیەک لە پێیەکانمەوە بەرەو سەر دەڕۆیشت، گۆڤارەکەم کردەوە بزانم گەیشتومە کوێ: ... گۆڤارەکەم کردەوە بزانم گەیشتوومە کوێ، چەقۆکەم لەدەمی پشیلەکە ڕاکرد بۆن خوێنێکی گەرم وڕوکاسی کردم، سەیری دەستممکرد چەقۆیەکی خوێناویم بە دەستەوە بوو، هەستم بەئازارێکی تیژکرد لە لای ڕاستی بەشی سەرەوەی قەفەسەی سینگم، دەمم پڕبوو لە خوێن، دەستم شل بوو، چەقۆیەکە بەربووەوە سەر زەوی، سەرم بەگێژەوەهات، ویستم هەڵسمەوە، بە دەمدا کەوتم، چەند دڵۆپەخوێنێک کەوتە سەر کۆتا وشەکانی چیرۆکەکە و ئاگام لە خۆم نەما...

*** ئەمە چیرۆکێکە لە ڕۆمانی مۆتەکە.**

**دابان عەتار**



# «کەڵێن»

ڕادەچەنم. دڵم توونـد بووە. کورسـیـیەکەم ئارام دەلاژێتەوە. پەنجەرە کراوەتەوە و بایەکی گەرم دێتە ژوور و پەردەکەی دەجووڵێنێتەوە و خۆ دەگەیێنێتە سـەروچاوم. دەڵەی تینی ئاوربیە. هێزم نییە هەستم. ئارەقەیەکی سارد لەشی داگرتووم. بەرچاوم لێڵە و فکرم بۆ ناخرێتە سەر یەک و تاقە چرکەیەکیش ناتوانم دەسەڵاتی مێشکم بگرمە دەست. فکران هێرشم بۆ دێنن. وێنەی ئەو کابووسانە لەبەر چاوم دێن و دەچن. فکرم بۆ خڕ نابێتەوە. دەمهەوێ هەستمە سەرپێ بەڵام قەوەتم نییە و دەست و پێم یارمەتیم نادەن. لەسەر میزی بەرامبەرم چادانێک چای شووشـەییی نیوە پڕ و ئیسـتکان و ناڵبەکییەک و قەندانێک قەندی لێیە. تەلەویزیۆنەکە بە هەڵکراوی لە بەرامبەرمە و کچەی پێشکەشکار خەریکی خوێندنەوەی هەواڵەکانی ڕۆژە. تڵتەی نێو ئیسـتکانەکە بە بنییەوە وشک بووە. وا دیارە سەعات زیاترە لەسەر ئەو کورسییەم. دیسان لە هەموو لاوە هێرشم بۆ دێنن. سەرم دە نێو دەستم دەگرم و توند دەیکوشم. دەنگێک سەری پڕ کردووم. دەڵێی بە نینۆک بە ئاسنی دادێنن.

هەرچۆنێک بێ هەڵدەستمە سەرپێ و بە لارەلار دەچمە ئاودەست. لەبەر دەستشۆری ڕادەوەستم و شێرەی دەکەمەوە و چلپێک ئاو بە دەموچاوم دادەکەم. سەرم هەڵدێنم و لە ئاوێنەی سەر دەستشۆریدا چاو لە خۆم دەکەم. بەر چاوم ڕوون نابێتەوە و دەڵێی تەمی لەسەرە. دەخۆم دەنووسێم هەتا هاوار بکەم و هەرچی لە مێشکمدایە بە گوڕەگوڕ و نەڕەنەڕ دەریبڕم. دەمهەویست لای دۆستێک باسی بکەم و هەرچی کردم نە کەسم دیتەوە و نە دەخۆم ڕادەدیت بتوانم باسی بکەم و ئەو شتانەی خۆیان خستووەتە نێو مێشکم سەر و بەریان کەم و بە جوانی لە بارەیانەوە بدوێم. سـەیرە، زمانم دەڵێی شـکاوە و ناتوانێ لە زارمدا هەڵسووڕێ و بزووتنی ناکرێ. ویستم لە ئاوێنەدا، بەرامبەر بە خۆم دەست بکەم بە قسان، بەڵام داخەکەم هەر ئەو بەزمەیە و ڕووبەڕووی خۆشم قسەم بۆ نایەت. چەند ڕۆژێکە ئەوە حاڵمە. گەلێک وشە و وێنەی هاڵۆز خۆیان بە مێشـکمدا کردووە و هیچم لەگەڵیان بۆ ناکرێ. بە سەعات هۆشم لەسەرخۆ دەبەن و سەرقاڵی خۆیانم دەکەن. زۆر نامۆن و هیچ بیرۆکەیەکم بۆیان نییە. ژیانیان لێ تاڵ کردووم و دەمهەوێ بە هەر شێوەیەک بێ لە دەستیان خەلاسیم بێت. ئەگە توانیبام بیاندرکێنم برێکم سووکنایی بە دڵیدا دەهات و ئاوێک بەسەر ئەو ئاگرەیدا دەکرا، بەڵام زمانم لەحاستیان شکاوە.

بە حاڵێکی توورە و دەستەوەستان لە ئاودەست دێمە دەر و بۆلای ستەرکەکەم دەچم و لەپشتی دادەنیشم. دوو سێ لاپەڕان لەپێش خۆم دادەنێم و قەڵەمەکەم دەگرمە دەست بەڵکوو ئەمە ڕێچارەیەک بێت و بتوانم ئەوەی لە مێشکمدایە بیهێنمە سەر کاغەز. قەڵەمەکەم لەسەر پەڕەکە دادەگرم. تەنیا خاڵێک. نە مێشکم و نە دەستم لەگەڵم نایەن. توندتر دەست دادەگرم. قەڵەمەکە دەخزێ و خەتێک بە پەڕەکەدا دێنێ. توورە دەبم و لاپەڕەکە دەنێو دەستم دەنێم و هەڵیدەگلۆفم و بە توندی فڕێی دەدەمە نێو سەتڵە زبڵەکەی بەر لاقم. ئارەقەم کردووە. هەمیشە ڕقم لە لاپەڕەی سپی بووە. سپی بوونی لاپەڕە لەلام بێ مانایە. دەبێ ڕەش کرێتەوە، خەتی پێدابێ، دوو سێ جار پاک کرێتەوە و سەرلەنوێ بنووسرێتەوە. بێتوو هەر نەبوو، دەبێ بدڕێ و بخرێتە زبڵدانەوە و ببێتە دۆستی گەند و گەلاشی نێو زبڵدان. ئەو لاپەڕە حەقی خۆی بوو بخرێتە نێو سەتڵەکە. لەو کاتەدا هیچ بە هانامەوە نایە؛ نە مێشکم، نە دەستم، نە قەلەم و نە پەڕیش.

لەسەر کورسی و لەپشت ستەرکەکەم دانیشتووم. قرچەیەک و بە دوایدا دەنگی خرمەخرمێکی وردم دێتە گوێ. چاو دەگێڕم. هیچم وەبەر چاو نایەت. هەواڵەکان نابڕێنەوە و پێشکێشکارەکان بەردەوام خەریکی هەواڵ خوێندنەوەن. سووچی ژوورەکە سرنجم بۆلای خۆی ڕادەکێشێ. کونێکی تێدایە کە تا ئەوڕۆ نەمدیتووە. هێزم نییە هەستمە سەرپێ و چاوی لێ بکەم. لەبەر چاوم هەر دێ و گەورەتر دەبێتەوە. بە قەد کونە مشکێکی لێ دێت. لێی ورد دەبمەوە. دەوری کونەکە خەریکە تێیدەڕووخێ و جار لەگەڵ جار زیاتر زار دەکاتەوە و بۆلام دێت. قرچەیەکی دیکە دێتە گوێم. دیوارەکان خەریکن لەبەر یەک دەزەڕێنەوە. کونەکە خێراتر زار دەکاتەوە. یەکەم شتی کونەکە قووتی دەدات، تەلەویزیۆنەکەیە. کچە هەر خەریکی هەواڵ خوێندنەوەیە و گەرچی تەلەویزیۆنەکە لە چاوم ون بووە، بەڵام دەنگی نابڕێتەوە و لەگەڵ هەر وشەیەکی لە زاری دێتە دەر، تێک ڕووخانی کونەکە زیاتر دەور دەگرێ. دوو وێنەی سەر دیواریش دەکەونە نێو کونەکە. وێنەی دوو دۆستی خۆشەویستم بوون. دوو بیرەوەری. وێنەکان لەبەر چاوم ون دەبن. چاو لە جێی وێنەکان دەبڕم. وێنەکان بە چاپکراوی لەسەر دیوارەکە ماونەوە و دەڵێی تەنیا قابەکەیان کەوتووەتە خوار. وێنەکان زەردەیەکیان لەسەر لێوی‌یە. دنیا یەک بیرەوەری لەو دوو وێنەدایە. یەکمان لەپەنا بەنداو کێشا. بەرەبەری پاییز بوو و قەراغ ئاو بایەکی فێنکی دەهات. دەستمان لە ملی یەکتر کردبوو. ئەوەی تریان لە کوێستان بوو لە سەر دووندێکی بەرز. ئەمن دانیشتبووم و هاوڕێیەکەم بە پێوە و دەستی لەسەر شانم دانابوو. چاوی چەپم دەستی کرد بە پەڕین. ئەمن لە وێنەکاندا کاڵ دەبوومە و دوای چەند چرکەیەک لە نێو وێنەکاندا نەمام و دەتکوت قەت نەبووم. لە کونەکەوە دەنگی هاوڕێکانم دەهات. نەمدەزانی دەڵێن چی. کونەکە گەیشتبووە بەر ستەرکەکەم. بن پایەی چەپی ستەرکەکە

هەڵۆڵ بوو و لاری کردەوە. هەرچی لەسەر ستەرکەکە بوو کەوتە نێو کونەکە و تەنیا قەڵەمەکەم بە دەستەوە مابوو. ستەرکەکەش کەوتە خوار. ئەوجار نێو کونەکەم جوان لێ دیار بوو. هەتا چاو هەتەری دەکرد تاریکی بوو و بۆشایی. نە شۆقێک، نە زیندەوەرێک، نە شتێک. هەرچی هەبوو تاریکی بوو و بۆشایی. دەتکوت هەرچی هەیە قووتی داوە و ئاسەواری لێ نەهێشتوون. بن کورسی‌یەکەم تێ دەڕووخێ و بە هەڵپەسێراوی دەمێنمەوە. ناکەوم. توند خۆم لە کورسی‌یەکە قایم دەکەم. خەریکە زەندەقم بچێ.

هۆشم دێتەوە بەرە خۆم. لەسەر شاشەی تەلەویزیۆنەکە دیمەنی پاییزی نیشان دەدات و گۆرانی‌یەک دەیلێ:

" وەرن ئەی سازی ئاوارە بە هانای سۆزی گریانم

دڵم بەستەی دەوێ ئەمشەو بەجێ دێڵم موکریانم

وەکوو هەنگاوەکانیشم دەلەرزێ وا دڵ و دەنگم

دەبا وێنەی منی کۆچەر بناڵێ ... "

لاقم تەزیوە. قەوەت دەدەمە خۆم و هەڵدەستمە سەرپێ. قەڵەمەکەم هەر بە دەستەوەیە. بە شەلەشەل دەچمە بەر پەنجەرە. وڵات تاریک داهاتووە. شار بە زەبری چرایان ڕووناکە. تاقولۆق ئوتۆمبێل بە شەقامدا دێن و دەچن. ماڵی بەرامبەرم پەردەیان لادراوە. ژن و پیاوێک و دوو منداڵ بەرامبەر بە تەلەویزیۆن دانیشتوون و پێدەکەنن. پەنجەرەکەی دادەخەم و پەردەی دەکێشم. تەلەویزیۆنەکەی دەکووژێنمەوە. نامهەوێ سریوەم بێتە گوێ. بە شەلەشەل دەچمە سەر قەرەوێڵەکەم دادەنیشم. پەرداخێک ئاوی کۆن لە پەنا قەرەوێڵەکەمە. هەڵی دەگرم و وە زارمی دەگێرم. لەگەڵ چوونە خواری هەموو گەرووم دەبڕێ و هەست دەکەم خوێن و ئاو لێکڕا دەڕژێتە نێو گەدەم. وێنەی کەوتنە خواری وێنەکان و دڵۆپەی خوێن دێتە بەرچاوم. وێنەکان بەو خوێنە سوور سوور دەبن و کەسانی نێو وێنەکان خەندەیان لەسەر لێوی‌یە. هەموو گیانم شل دەبێ. بە ڕژانی ئاوی نێو پەرداخەکە لەسەر ڕانم دیسان هۆشم دێتەوە بەرەخۆم. پەرداخەکەی لەبەر قەرەوێڵەکە دادەنێم و ڕادەکشێم. دەستی ڕاستم بەردەدەمەوە خوار و دەستی چەپم لەسەر چاوم دادەنێم. ئەو هەموو کابووسە چییە دایگرتووم؟ هەست دەکەم خوێنی گەرم لە ئانیشکم بەرەو خوار دادەگەڕێ و لە قامکە تووتەمڕا دەڕژێتە بەری ژوورەکە. سەر هەڵدێنم و چاوی لێدەکەم. هیچ دیار نییە، ڕادەکشێمەوە. کە ناتوانی ئاڵوگۆڕێک بەسەر دۆخەکەتدا بێنی ئەوپەڕی بێ هێزی‌یە و بێتوو خۆشی لەگەڵ ڕێک بخەی دەبی بە کەسێکی مردوو. نامهەوێ ببمە گیانداری مردوو. هەندێ جاریش گوێی پێ نادەم و سەر بەردەدەمەوە و کاری خۆم

دەکەم. هیچ هەستێکم نابزوێنم و هیچیش نییە بمبزوێنێ. مردنم پێ خۆش نییە. بەتایبەت کە بە زیندوویی بمرم. زۆر وەختان هەر مردووم. بێزم لە خۆم و لە دنیای مردووان هەڵدەستێ. پێمخۆشە دەستدەمە بەردەپێیەکی ڕەق و تیژ و هەمووی لەشمی پێ بسوێم، هێندی پێ بسوێم هەتا چەند توێخم لێ هەڵ بێ و خوێن لە جێ جێی لەشم بێتە دەر و ئەو خوێنە مردووە دەمارەکانم جێبهێڵێ و سەرلەنوێ خوێنی تازە دە لەشم گەڕێت. ڕقم لە مردنە.

لەسەر قەرەوێڵەکەم خۆم خڕ کردووەتەوە. لاقم لە ئامێز گرتووە. هەست دەکەم نێو دڵم بریندارە و خوێن دەڕژێتە نێو جەستەم. حەجمینم نییە. ڕۆژگارم کەلێنی تێکەوتووە. بۆ وەی چاکە تەنیام. ئەو کاتانە نامهەوێ کەسم لەبەر چاوی بێ. ئەو وەختەی لەسەر کارم و ئەو حاڵەتە دامدەگرێ هاوکارەکانم لێ دەبێتە پشیلەی جنجڕۆک تیژ کە بە نیگاکانیان دەمئەنجنن. هیچ کوێم نییە بچم و ژوورەکەشم لێ دەبێ بە قەیسەری.

لەسەر قەرەوێڵەکەم ڕاکشاوم و وەک ماری بریندار لە خۆم دەهاڵێم و هەڵدەسووڕێم. ژانم بە هەموو ئێسکاندا دێ. تاوتوێ دامدەگرێ. جەستەم شەلاڵی ئارەقەیەکی سارد دەبێ. هەناسەبڕکە دەبم و دڵم توند توند دەبێ. کزە ڕووناکی‌یەک کەوتووەتە ژوور. دەبێ بوولێڵی بەیانی بێت. نە دەتوانم و نە دەمهەوێ لە جێیەکەم بێمە دەر. هەموو ڕۆژی خودای وەک یەکە.

**هیوا بەیرامی**

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگڕامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەموکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەموکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!
٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما ) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاڕاگڕافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما ) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ◌̆◌̄ ◌̄ ◌́◌́ ◌̄ ◌̄,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.
٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : < = *]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"


ئاوا هەڵەیە:
گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ ـیش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.
تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین.
بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!



# تیۆری

## «شێوازی سووررئالیسم»

### مریەم قازی

سووررئال لە دووبەشی سور (sur)بە مانای سەرتر، واوەتر و رئال (real) بە مانای راستەقینە و راست و بێدرۆیە، کە وابوو سووررئال دەکرێ بە سەرتر لە راستەقینە یان ئەودیوی راستەقینە مانا کرێتەوە.

ئەوشتەی ئێمە پێی دەڵێین ژیان لە راستیدا ئەودیوی بێرەنگی سیککەی راستەقینەیە، مرۆڤ نائومێد دەبێ بەم هۆیە کە ئەو دیوی دیکەی سیککەی راستەقینە ناناسێ کە لەوپەڕی بەربڵاوی و جوانی دایە. بەشەر وەها لە ژیانێکی موبتەزەلی ماکەییدا ڕۆچووە کە جگە لە تەفەکوراتی بۆرژوایی، ئابووری کرێکاری، هۆنەرەکانی کلاسیک و فەلسەفە سەڵت و قازاخەکان هیچ ناناسێتەوە و سووررئال شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە بۆ ئازادی تەواوی بەشەرییەت لەم دۆخە داسەپاوە، سووررئال چەشنێک توانای دابڕانە بە دوای ئاڵ و گۆڕی کتووپڕی رۆحی کە تەواوی شێوازەکانی هەست پێکردن و بیرکردنەوە سەروبن دەکا. لە روانگەی " ئاندرە بێرتۆن" سووررئال ئۆتۆماتیکی خالیسی رەوانی واتە باسی رووداوەکانی ئەندیشەیی بە شێوەی ویژەیی یان نووسراوەییە بە دوور لە هەرچەشنە زابیتەکی عەقڵانی و سەربەخۆ لە هەرچەشنە مولاحیزاتێکی ئەخلاقی یان جوانی ناسانەیە. سووررئالیسم سەلماندنی بیر و ئەندیشەیە بە بێ تەفەکورێکی عاقڵانە و بەدەر لە هەر چەشنە یاسای جوانیناسانە. نووسینەوەی خودکار یان

ئۆتۆماتیک، شرۆڤەی خەون، گێڕانەوەیەکی سەرخۆشانە، نیگار کێشانەوە لە ژێر کاریگەری رووداوە بە هەڵکەوتەکان، وێنەی دژ بە یەک و زۆر وردەکاری دیکە نیشانی دەدا کە لە پشت ئەم ئاڵ و گۆڕانەی سوررئال بەسەر رئالی دا دێنا راستەقینە و رئالێکی تر خۆی حەشاردراوە، ئەوەش یانی گۆڕانی فام کردنی ئێمە لە دنیا هەر لە رێگای ئەم ئاڵ و گۆڕانەی بەسەر رئال و دنیای دا دێنین. بێرتۆن دەیکوت: " خاڵێکی دیاری کراو لە زەین دا هەیە کە لەوخاڵە بە دواوە مەرگ و ژیان، راستەقینە و مەجاز، واقعەکان و خەیاڵ، رابردوو و داهاتوو، دژبەرەکانی و تەناقوزی خۆیان لە دەست دەدەن و ئەو شتەی جم وجۆڵەکانی سوررئالیسم وەگەڕ دەخا هیوا بە ناساندن و دیاری کردنی ئەو خاڵە گرینگەیە. کە وابوو مەبەست لە ماریفەتی سوررئالیسم شێواندنی ئەو دیوارەیە کە لەنێوان شێتی و عەقڵ دا راوەستاوە".

## مێژووی سوررئالیسم

بۆ یەکەمجار دەستەواژەی سوررئالیسم لە ساڵی ١٩٠٣ ز . لە لایەن بارگیۆم ئاپۆلینێری فەرانسەوی لە شانۆنامەیەکدا لە کار گیرا کە لە ساڵی ١٩١٧ ز. هاتە سەر شانۆ و بۆ ئەو ئەم دەستەواژەیە نیشانەیەک بوو لە شێوەی تەمسیلی لە راگوێزتنی راستەقینەی جەوهەری .

سوررئالیسم لە دادائیسم لە دایک بووە واتە لەبەشی ئاشت بوونەوەی داداکان دەگەڵ زمان، بەڵام ریشەی سەرەتایی سوررئال دەکرێ لە سەمبولیسمیش دا بدۆزرێتەوە. بەم هۆیە کە تاقمێک لە نووسەران و یەکێک لەوان ئاندرەبێرتۆن بە تەزاددێک لە ناخی سەمبۆلیسمدا گەیشتبوون کە لەودا " ئارتۆر رامبۆ" لە لایەک ڕا دەیکوت شاعیر دەبێ بیرەکانی بێ لغاوە بەرەڵلا کا ، بەڵام لە لایەکی دیکەڕا " مالارمە" بە پێچەوانە پێداگرییان هەبوو بەسەر دەستەبەر کردن و دەستەمۆ کردنی ئیلهام و بۆچوونەکانیان لە دارشتندا. ئەم دوو بۆچوونە ش بە سەرچاوەی پێکهاتنی سوررئالیسم دەزانن.

سەرەتا لە جیاتی سوررئالیسم ، سوپێرڕئالیسم لە کار گیرا، بەڵام بێرتۆن لە دوای راگەیاندنی رەسمی ناوی سوررئالیسم لە ساڵی ١٩٢٢ز. لە دوای کۆنفرانسی سەرنەکەوتوو کە بۆ دیاری کردنی رەوتی مۆدێرنیسم گیرا، لە دادئیسمەکان جیابۆوە و بزووتنەوەی سوررئالیسم بە شێوەی رەسمی گەڵاڵە کرا و لە ساڵی ١٩٢٤ ز. کاری خۆی باهاوکاری بێرتۆن و سێ کەسی دی دەس پێکرد .

ئەم شێواز و بزووتنەوەش زاتەن فەرانسەوییە و دامەزرێنەران هەمووی فەرانسەوی بوون وەکوو : ئاندرە بێرتۆن،

لوئیس ئاراگۆن، پێل ئێلوار، فیلیپ سوپۆ و...

سوررئالیسم تا دەساڵ دوایەش لە ئینگلیستان هەر نەناسراو بوو ، تەنیا لە ئیسپانیا و بلژێک چەن کەسێک هۆگری بوون بەڵام لە ئامریکا پێشوازی چاکی لێکرا بەڵام ئەوە زۆری نەخایاند.

دوای دە ساڵ چالاکی سوررئالیستەکان لە ساڵی ١٩٢٩ز. پێدا چوونەوەیەکی گشتییان بەسەر خۆیاندا بەڕێوە برد بەڵام هیچی بۆ نەکرا، دامەزرانی حیزبی کمۆنیست چرژێکی گەورەی بۆ ساز کرد هەروەها لە رووسیە بە وەدەرنانی سوررئالیسمەکان بە تاوانی ئیشکە سۆفییێەتی کاری ئەوانی دژوارتر کرد. هەروەها بە هۆی داشداری نەکردن لە شەڕ و شەرمەزار کردنی شەڕ ئەوەندەی دیکەش لە پەراوێز کەوت. بەڵام بەو حاڵەش لە ساڵی ١٩٢٧ز. پێشانگایەکییان لە بەرهەمەکانی سوررئالیستەکان لە بیست وڵاتی گەورەدا وەڕێ خست کە ئەویش زۆری یارمەتی نەدان. بەڵام لە ئامریکا بزووتنەوەیەک ساز بوو بە نێوی نەققاشی کردەوەیی و هەروەها لە بزووتنەوەی خوێندکارانی ١٩٦٨ ز. ئامریکا دا دروشمەکانی سوررئالەکان بەرز بوونەوە. سەبارەت بە هۆکارەکانی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدانی شێوازی سوررئالیسم هەموو ئەو شتانەی بۆ دادائیسم مان باس کرد لە سەر جێی خۆیەتی بەڵام لە بەشی فەلسەفی دا بۆچوونەکانی ئەدەبی - فەلسەفی "هانری بێرگسۆن و " فرۆید" کاریگەرییان زۆر زیاتر بووە.

## هۆکارەکانی فەلسەفی

شایانی باسە کە مێژووی فەلسەفەی نوێ ، شەڕ نێوان فیزیک و رەوانناسییە، شێوەی " ئیسپینسێر" ئەو پەڕی بۆچوونێکی مکانیکی بوو دەگەڵ ئەوەی کە ئەویان پێ فیلسووفی بۆچوونەکانی داڕوینە بۆ خۆی لە راستیدا دەنگدانەوەی سەنعەت و شرۆڤەگەری ئەو بوو، وەها ە شانازی باسی سەنعەتی دەکرد کە رەنگە بۆ ئەورۆ هێندێک گەمژانە بێ. ئەو ئەندازیار و مکانیک بوو کە لەوپەڕی ماددە ووا رۆچووبوو، نەک لە ژینگە ناسینێک کە سەرهەڵدان و پەرخۆشی ژیان لە ئەودا هەست پێبکا و فامی بکا. بەڵام " بێرگسۆن" کە لەسەردەمی لاویدا لایەنگری " ئیسپینسێر" بوو بە خوێندنەوەی زیاتر خاڵی لاوازی پەیوەندی نێوان ماکە(ماددە) و حەیات، رۆح و لەش، جەبر و ئیختیاری ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند کە زەین ماکە نیە و پرسیاری کرد ویژدان لە کوێڕا هاتووە؟ هەروەها جەبری پێ نامەعقووڵتر بوو لە ئیختیار.

بێرگسۆن دەیکوت: " زەین وەکوو مێشک نیە، ویژدان وخۆئاگایی بە مێشک بەسراونەتەوە و بە تێدا چوونی مێشک

ئەوانیش تێدا دەچن، بەڵام ئەو جل و بەرگەی بە بزمارێکەوە هەڵواسراون وانیە بە کەوتنی بزمارەکە و بەربوونەوەیان ئیتر هەبوونیان نەبووبێ، مێشک دەسگای وینەکان و واکونیشەکانە (دژ کردەوەکان) و ویژدان بریتییە لە دەربڕینی دووبارەی ئەم وێنە و دژکردەوانە و هەڵبژاردن و ئیختیاری ئەوان."

بێرگسۆن راستەقینەی لە جێگای شوێن و کات و فەزا دەزانی و ئەوانەی پێ گردوکۆ، تەکامول و دووپاتەیی دەزانی، واتە پێیوابوو کاتی رابردوو لە ئێستادا بەردەوامە و لە راستیدا رابردوو بەسەر نەچووە و هەربەردەوامە و حافیزەی ئێمە هەڵگری بەردەوامی و دووبارەیی کاتە. زەین یان ویژدان هەر ئەو شتەیە کە ئەزموونەکانی کات لە رابردووڕا تا ئەوڕۆ لەبەر دەست مرۆڤی دادەنێ و هیچ پەیوەندێکی بە مێشکی ماکەییەوە نیە. کە وابوو لە روانگەی بێرگسۆنەوە ئەو راستەقینەیەی کە لە رێگای دۆزینەوە (کەشف) و شهوودەوە فام دەکرێ زۆر سەرترە لە دەسکەوتەکانی زانستی، هەروەها سەبارەت بە ڕەوانناسی دەڵێ: " دۆزینەوەی قووڵترین بەشی ئەو دیوی شێعر و حەول بۆ فام کردنی چینەکانی بنەوەی ویژدان ئەرکی رەوانناسی سەدەی داهاتوویە."

بەم شێوەیە بێرگسۆن مکانیسمی کوێرکوێرانە و خەفەت هێنەری تەنازووعی داڕوین و ئیسپێنسێری تێک رووخاند، بەڵام ویل دۆڕانت دەگەڵ ئاماژە بە خاڵەبا شەکانی بۆچوونەکانی بێرگسۆن دەڵێ :" بێرگسۆن بە وەلا نانی زێدەڕەوییەکانی عەقڵلیوون ، بە جێگای سەروەری عەقڵ، شهوودی باتینی دانا کە بە هەمان رادەی سەروەری عەقڵ هەڵەیە."

بە بۆچوونی ویل دۆڕانت ناڕەزامەندییەکانی دەورەی رۆمانتیسم لە دژی عەقڵ و بۆچوونەکانی نیچە و رۆسۆ، شاتۆبریان و جیمس و بێرگسۆن کاری خۆیان کردووە و ئێمە دەمانەوێ مەزنایەتی لە عەقڵ وەرگرینەوە بەڵام ناشمانەوێ لە مێحرابی شهوود و ئیشراق و ژوور دیتنی خۆماندا بە چۆکدابێین. ژیان و حەیاتی مرۆڤ بە غەریزەکانی ئەو بەسراوەتەوە بەڵام پێشکەوتنی ئەو لە دەست عەقڵ و ئەندیشەدایە."

دووهەمین فیلسووف " پێندتۆکرۆچە" کە بە بالادەستی رۆح باوەڕی هەبوو لە هەمان کاتیشدا دژ بە کلیسا بوو، لە دژی شەڕ راوەستا و وەکوو راسێل لە ئینگلیس و رۆمێن رۆلان لەفەرانسە بە نەحلەت کرێن. کرۆچەش بە رەسەنایەتی وێنە و ئەندیشە باوەڕی هەبوو و بە جێگای ئایین بە ئازادی ئیرادە باوەڕی هەبوو و پەرەستیشی جوانی و ژیانی فەرهەنگی لە جێگای دین دانا.

کاریگەری فەلسەفی ئەو دوو کەسە لەسەر سوررئالیستەکان بریتی بوو لە :

باڵادەستی شهوود بەسەر عەقڵدا، دژایەتی دەگەڵ ئەخلاقی ئائینی و غەیری ئائینی ، گرینگی دان بە وێنە و خەیاڵ، حەول بۆ فام کردنی دنیای زەمیری نابەئاگا، ساز کردنی پردی نێوان جیهانی دەرەوە و ژوورەوە، وشیار و ناوشیار.

## فرۆید و کاری گەری لەسەر سوررئالیسم

پێش فرۆید کەسانی وەک لی بوو، کۆئە و ... بە هیپنۆتیسم واتە خەوی دەسکرد توانییان تارادەیەک نەخۆش لە بیرەرییە شاراوە و موزاحیمەکان رزگار کەن ، بەڵام ئەوە فرۆید بوو کە بە جێگای خەوی دەسکرد شێوەی بەردەوامی هێماکانی پێکهێنا، واتە لە جێگای لەخەو کردنی نەخۆش، ئەوی لە شوێنێکی ئارام و ئەمن لە دنیای وەخەبەریدا دانیشاند و داوای لە نەخۆش کرد کە بە بێ دڕدۆنگی و داوەری لەسەر خۆی، بێ خوارەکە و پێچەکە جوابی وەڵامەکانی ئەو بداتەوە و بەمجۆرە رۆیاکان، ورێنەکان و دان پێداهێنانەکانی بێ ئیختیاری نەخۆش بوو بە هۆکاری فام کردنی هۆگرییەکان و عەواتیفی مەعقووڵی ئەو، واتە تێگەیشت کە دەکرێ بە لێکدانەوەی خۆلیا و خەونەکانی نەخۆش، ئەو نەخۆشە چارەسەر کرێ.کەوابوو فرۆید بە دۆزینەوەی دنیای خۆلیا و زەمیری نابەئاگا، غەرایزی سەرکوت کراو، بابەتی جنسی کە لەسەرەوەی هەموو تەمایولاتێکی دادەنا، توانی بە ئەوە بگا کە بڵێ دوو عونسری خۆلیا و خەیاڵ دەتوانن لەبەرابەر غەرایزی سەرکوت کراو ببن بە مکانیسمێکی دیفاعی و بەرگری، یەکیان لە خەودا و یەکیان لە وشیاری دا، واتە فرۆید دنیای سەرتر لە راستەقینەی دۆزیبۆوە کە زۆر بە کاری سوررئالیسەکان دەهات.

ئۆریش فۆرم کە خۆلیا (رۆیا) بە زمانی فەرامۆش کراو دەناسێنێ، لە شرۆڤەی روانگەی فرۆید دا دەڵێ: " خۆلیاکان خاوەنی واتا و دیاری کەری بەشێکی گرینگ لە هەستەکانی دەروونی ئینسانە، تەعبیری خۆلیا شارێگای فامکردن و سەلماندنی زەمیری نابەئاگایە و گرنگترین خووخدەی مرۆڤە، لە روانگەی فرۆیدەوە خۆلیا کەرەسەیەکە بۆ ئەهوەن کردنەوەی مرۆڤ لە داخوازە نامەعقووڵەکانی کە لە کاتی وشیاریدا سەرکوت کراون، کەوابوو لە دنیای خۆلیادا دەکرێ ئازادانە وەدوای کەمایەتییەکانمان کەوین، مرۆڤ لە وەخەبەریدا دەیەوێ بژی و پێویستی بە ئەوە هەیە کە دنیای واقع بە چۆک دابێنێ. بەڵام لە خۆلیادا وەها مەبەستێکی نیە و زۆر ئازادتر و بەربڵاوترە و پێویستی بە ورد بینی و دوورەپەرێزی دنیای وشیاری نیە و تەنیا شتێکی گرینگە هەبوونی خۆمانە" .

خەیاڵبڵاویش چی وای لە خۆلیا کەمتر نیە، خەیاڵبڵاوی نەخۆشیێکی رەوانی ئارامە و نێوبژی نێوان خەون و وشیارییە.

سوررئالیستەکان زۆرییان گرینگی دەدا بە دنیای خۆلیا و خەیاڵ کە دەسکەوتی فرۆید بوو کە خۆلیا و خەیاڵی پێ واقعی بوو. شتێکی دیکە کە فرۆید زۆری سەرنج پێدا دیاردەی سێکس بوو کە پێیوابوو لەماوەی مێژوودا مرۆڤ بە باشی تەعامولی

دەگەڵ نەکردووە. بە پێچەوانەی ئەوەی باوە فرۆید هیچکات باوەڕی بە ئازادی بێسنووری سێکس نەبووە و ئەوەی سوررئالیستەکان پێداگری بەسەر داەکەن هیچ پەیوەندییەکی بە فرۆیدەوە نیە و چەشنێک خراپ تێگەیشتنە لە فرۆید .

باسی " ئیرۆتیسم" ی سوررئالیستەکان دەرەنجامی ئەو خراپ وەرگرتنەیە. " پۆرنۆگراڤی" حەولێکە بۆ وەژێر پێنانی مەعیارەکانی بۆرژوازی.

کە وابوو بەشێک لە شێوازەکانی سوررئالێستەکان کە دەرەنجامی فێرکارییەکانی فرۆیدە بریتییە لە : راگەیشتن بە خۆلیا و خەیاڵبڵاوی، نووسینەوەی خودکار، دنیای سەمەرە، شێتی، هەزل و شۆخی کە بە رای فرۆید یەکێک لە مکانیسمەکانی دیفاعی بەشەر شۆخییە.

بەڵام بۆ زانیاری زیاتر لەسەر سوررئالەکان ناکرێ بابەتی گرینگی نامۆیی و لە خۆنامۆیی مرۆڤ فەرامۆش کرێ کە نەخۆشی سەردەمی مۆدێرنیتەیە

"هاوزێر" دەڵێ " سەدەی نوێ لیپاولیپە لە دژوازییەکان و یەکایەتی روانگە لەسەر جیهان و ژیان وەها لە بنەماڕا هەڕەشەی لێدەکرێ کە تێکەڵاوی دوورترین مەوداکان، یەکییەتی گەورەترین دژوازییەکان، دەبێتە ناوەرۆکی بەرچاو و تاقانەی هۆنەری . سوررئالیسم وەکی بێرتۆن پێمان دەڵێ ، سەرەتا بەگشتی بە دوای گێڕانەوەیەکی شاعیرانەدا خول دەخواتەوە کە لەودا نامۆیی هەرچی زیاتر و پڕووپووچی بەشەر ببێتە بنەمای کارەکانیان "

مارکس ئێرنێست نەققاشی سوررئال دەڵێ :" خۆئاگایی، کۆنترۆڵی زەینی عەقڵ، زەوق و ئیرادە لە بەرهەمێکی سوررئاڵدا هیچ جێگایەکی نیە" .

ریشەی ئەم پڕووپووچیە دەبێ بگەڕێنینەوە سەر ئەو نامۆیی و هەروەها لەخۆ نامۆییەی کە مرۆڤ لە دنیای سەنعەتی رۆژئاوادا تووشی هات و تادەهات سەنعەتی تر دەبوو ئەم نامۆییە زیاتری پەرە دەگرت، تەنانەت ئێستا وڵاتانی نیوە سەنعەتیش تووشی ئەو چارەڕەشییە هاتوون.

ژان ژاک رۆسۆ دەڵێ :" تەنانەت کاتێک سیاسەت وادەکا کەسێک ببێتە نوێنەری

خەڵک و بە کارەکانی خەڵک رابگا، ئەو خەڵکە لە گردوکۆی خۆی بێگانە و نامۆ دەبێ و لە ئاکامدا خەڵکی بوون رادەوەستێ".

ئێستا دەبێ بزانین سوررئالیستەکان بۆ دۆزینەوەی دنیای شاراوە یان واقییەتی سەرتر لە ئەدەبیات و هۆنەردا چیان دەکرد و بەرهەمی سوررئال چۆن ساز دەبوو؟

### ١ -پشت بەستن بە دۆزینەوە و شهوود لە جیاتی خیرەد و زانست

لە روانگەی سوررئالەکانەوە زانایی توانای ئەوەی نیە بە تەواوی راستەقینە فام بکا و ئەوە دۆزینەوە و شهوودە کە دەتوانێ سەرچاوەی بنەڕەتی ژیان بە مرۆڤ بناسێنێ. کە وابوو سوررئالیسم لەبەرابەر هەر چەشنە عەقلانی کردنی هۆنەر و نووسین رادەوەستێ و دەڵێ کە هیچ شتێک لەوە بێکەلک تر نیە کە بمانەوێ بە نواندنی بەشێک لە واقعەکانی سروشت، فەزا، حەجم و قورسایی، کاتی خۆمان بە فیرۆ دەین کە هیچ ئاکامێکی هۆنەری نیە. کە وابوو خۆلیا، خەیاڵبلاوی، شێتی و... پێگەیەکی بە نرخی هەیەبۆ سوررئالیستەکان.

### ٢-خۆلیا

وەکی باسمان کرد لە ژێر سێبەری لێکۆڵینەوەکانی فرۆید، خەون وخۆلیا لە بابەتێکی غەیری سروشتی و بێ واتا بوو بە دیاردەیەکی سروشتی پڕواتا کە دەکرێ زۆر راستەقینە لەم رێگایەوە بدرکێ. کە وابوو سوررئالیستەکان ، خۆلیایان وەکوو ئامێرێک بۆ دزە کردن لە زەمیری نابەئاگادا ناساند، هەروەها پێیان وابوو کە دەبێ هەم بە دوای خەون و خۆلیادا هەرچی بە زەینیان دا هات بینووسنەوە هەم دۆخێکی خەیالاوی سازکەن و جا ئەوجار لەمدۆخەدا ئەوەی بە مێشکیان داهات بینووسنەوە، لەحاڵەتێکی لە شێوەی سەرخۆشی و خەلسەدا.

### ٣ -شێتی

لە روانگەی سوررئالیستەکانەوە شێتی باشترین نموونەی رزگاری مرۆڤە لەقەید و بەندە دەست و پێگیرەکان ، مرۆڤە شێتەکان بێ ئەوەی سەرنج بدەنە سوننەتەکان و زەوابیت و رەوابیت، تەنانەت بە زەرەری خۆشیان بێ دەجووڵێنەوە و کردەوە کانیان رێک ئەو شتەیە کە لە دەروونیاندا تێپەڕ دەبێ، گێڕانەوەی ئەو شتانەی شێتەکان دەیڵێن دەتوانێ زۆر شتی واوەتر لە راستەقینە بۆ ئێمە ئاشکرا کا.

## ٤ -نووسینەوەی خودکار

هەروەکی فرۆید نەخۆشەکانی خۆی لێبڕاو دەکرد بە لێدوان لەسەر زەمیری نابەئاگایان بێرتۆن حەول دەدا زەمیری شاراوەی خۆی لێبڕاو بە لێدوان بکات و ئەویش بینووسێتەوە. پشت بەستن بەتەداعی مەعانی، نووسینەوەی فیلبیداهە، تەنیا ئامێرێکن کە دەتوانن خەون و خۆلیای سەرهەڵگرتوو دەستەبەر کەن و بابەتەکان سەربەخۆیانە هەرئەو جۆرەی بە مێشکیان دادێ بنووسنەوە.

## ٥ -هەزل و شۆخی

ئاریان پوور دەڵێ کە ئەو چێژەی کە لە شۆخی و هەزلدا دەیبینین، چێژێکی تێکەڵاوە کە لە ئاواتە سەرکوت کراوەکانی ئێمە سەرچاوە دەگرێ و بە شێوەی شۆخی دەریدەبڕین و لە زەینی خۆمان دەرییان دەکەین تا هێمنایەتی رەوانیمان دابین بێ. هەروەها چێژی تر ئەوەیە کە ئەو رنجیرە داسەپاوانەی کۆمەڵ لە دەست و پێمان هەڵدەگیرێ و ئازادی و سەرەڕۆیی سەردەمی منالیمان بۆ زیندوو دەبێتەوە، هەروەها بەشێکی دیکە لە شۆخی پەیوەندی بە ئەسڵی ئابووری رەوانی هەیە، وەکی دەزانین رەوان هۆگری بە هەڵنەچوون و هێمنایەتی هەیە و تا ئەو جێگایەی بۆی بکرێ لە بە فیرۆدانی ئەوەشەدا دەس پێوە دەگرێ و لە هەمان کاتیشدا کامەرانی و سەرخۆشی خۆی دابین دەکا. فرۆید دەڵێ شۆخی تایبەتی وڵاتانی سەرەتایی و و وەحشی نیە کە دیلی هەزاران قەید و بەندی دەسکردی کۆمەڵایەتی بن بەڵکوو تایبەت بە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان و شارستانییەتی نوێیە کە هەزاران قەید و بەندیان هەیە و سەرکوت زۆرە و ناچارن روو لە شۆخی بکەن.



# چیرۆکی میوان

## «مەرگاوی ژیان»

باخەوانەکە تۆم گوڵەکانی کۆکردەوە و کردیە گیرفان کراسەکەی. هەر هات هەنگاو هەڵگۆزێ بۆ ئەودیوی باخچەکە، پای لە بەردێ هەڵکەفت و لەترێکی دا و چەن دانە تۆم گوڵ لە گیرفانەکەی کەوتنە خوارەوە. زەماوەنەکە تواو بووە، بەڵام ٧ ڕۆژێکە چاو چەپم نیشگەسە زیرە. لە کاتژمێری ١٢ی نیوەڕوەوە خەریکی ڕازاندنەوەی خوەم بووم. حەزم ئەکرد دیق بنمە بان دڵ هێرشەو. سێ ڕۆژە بە دوای قارکردنمان یەک پەیامیشی نەنارگە بۆم. لە دڵەو هاکا بتەقم بەڵام تا هێرش خوەی ئەیژێ ئەشێ سەورم بێ. لە قینا کراسە زەردەکەم ئەکەمە بەرم، هێرش خوەشی لەم کراسمە نایت، ئەیژێ ناسکە و ئەنامت لە ژێریەو دیارە. دەی خاستری، من ئەیکەمە بەرم. ماتیکەکەم پڕڕەنگتر ئام با دەمم خونچەتر نیشان بات. لە پڕێکا براکەم لە حەوشەو بە دەنگ بەرز ئەیژێ: دەی خۆ شێت بووم ئاسمان لێف! زووکە، خۆ زەماوەن باوام نیە. مەس و کەلەلا بوو، ئیتر زانیم ئەشێ بڕۆمە خوارەو هیچ نەیژم با ئەونەیترە کفری نەوێ.

دوێشەو دووارە دایکم شەماڵەی کرد و من لە قرچەقرچی قژەکانی بە ئاگا هاتمەوە. هەمیشە هەستم ئەکرد دەستی دایکم داخترین دەستی دنیایە. قژەکانی لە شەماڵەی ئاگرەکە بەرەو ئاسمانی حەوشەکە وەک فوارە هەڵدەپەڕین و ئەکوژانەوە. ئەم وێنە هەمیشەییەف شەو و ڕۆژەکانی منی ئەتاساند و من بە تەواوی زمانم وشک ئەبوو و نەمئەتوانی هاوار بکەم. ئازای ئەنامم سەردوسڕ ئەبوو و عارەقەی سارد لە قژەکانمەوە ئەچۆڕیا ناوشان و پێخەفەکەم ئەخووسیا.

چەنێ حەز ئەکەم ئیمشەو هێرش بمو‌ینێ و داخی پێ بەم! لە پلیکانەکان هاتمە خوارەو، براکەم بە تووڕەییەوە وتی: بەهـ بەها! بەهـ بەها! بیکوتن وەوی هات، دەی ئیتر چتێ ماگە بیساویتە خوەتا کەڵکیت؟ منیش وتم: خۆ تۆ لە زاواکە فرەترت هەڵقۆڕانگە گۆشتکوت!

باوەژنم هات و وەک هەمیشە پەشۆکا و وتی: دا بەسیە ئیتر ئاقیبەت شەڕگەل! دایمەکەی خوا خەریک دەمەقرێن، زووکەن با بچین. هەر گەیشتینە ناو زەماوەنەکە (SMS)ێک هات، بازم نەکرد. گووشیەکەم (Silent) کرد و نیامە ناو کیفەکەم. نیمسەعاتێ بە پیرۆزبایی لە بنەماڵەی وەوی و زاوا سەرقاڵ بووین. هەر دانیشتم ناو پیاگەکانم تواشا کرد هێرشم نەدی، گووشیەکەم دەرهاورد و تواشام کرد ٢١ دانە (SMS) هاتوو. ئاخرین دانەی ئەمە بوو:

کچێ کاتی تۆریان نیە، لە پشت دیواری هۆڵەکەوە چاوەڕوانتم. هەر بووک و زاوا هاتن وەرە دەرەوە. کاکەت لەگەڵ برێ لە ڕەفیقەکانیدا خەریکی خواردنەوەن، چاوەڕوانتم جوانێ جیان.

هاکا لە خوەشیا شێت بم! ئاخری منەتمی برد هێرشخان. جا ملقێکم نیا بە خوەمەو چووم لای دەس زڕدایک و خاڵۆژنمەو دانیشتم.

زوو زوو دڵم خاو ئەبووەوە و نەمئەزانی چ بکەم. هەر وەوی و زاوا هاتن و ئەو ناوە شلۆق بوو، وتم بە خاڵۆژنم: ئەوە من ئەچم ئاڕایشەکەم خاس ئەکەم. نازانم ژنەفتی یا نە، تەنیا سەری تەکان ئەدا.

دوای مردنی دایکم نە ڕۆژم ڕۆژ بوو، نە شەوم شەو. هەمیشە دایکم بە جەستەی شەماڵە کردگیەو شەو و ڕۆژمی بە یەکەو دائەفلێقان. گەرمایەکی کوشەندە و عارەقەی سەرد و ...

چاو چاوی نابینی، تاریک بوو. دیوار تالارەکەم دەور داوا، ئەم‌لای تالارەکە یەکسەر کوچک و خاک بوو، ئەترسیام خوار کراسەکەم تەپوتۆز بیگرێت و بزانن پێم. ئاخر ئێرە کەی جێگەی زەماوەنە! گۆڕستانەکە ڕاس ٢٠ مەتر ها لە خوارترەو. گۆڕەکان لە زرمەی ئورگەکە ئەلەرینەو، کاش نەهاتایم! ئەترسم براکەم بزانێ. هاتم هەڵگەڕمەو. لە ئاخری دیوارەکەو لە پڕێکا هێرش لە پشتەو باوەشی پێماکرد. زریکاندم، ئازای ئەنامم تەز دایگرت. بۆنی ئەلکول و سیگاری ئەدا. وتم: هێرش خان چاوم ڕۆشن! خۆ تۆ لە ئابرام زیاترت خوارگە کوڕخاس! وتی: نانا کچێ! دوو، سێ پەیک بە خۆشی تۆ و ئەم ئاشتبوونەوە.

هێرش وەک مار ئەیفیشکاند و خوەی زیاتر لکاند پێمەو. گووشیەکەم لە ناو سینەبەنەکەما لە پەسا ویبرەی ئەکرد. باران دایکرد. باران بەخوڕ ئەباری. هەرکات دەرفەتێ ئاوا ئەڕەخسیا، پێستم و هەناسەی هێرش ئەیانکردە بەزمی خوەیان. من خاو ئەبوومەو. حەزم ئەکرد بۆ ئاسمان بڕوانم. چێژی ماچکردن هەتا چاو بڕ ئەکا منی بەرەو ئاسمان ئەبرد.

وتم: هێرش گیان! ئەشێ بچم، وێڵم کە. ئیسە ئابرام ئەگەڕێ بە شۆنما.

وتی: نانا، لێگەڕێ. ئێستا باسی ڕۆیشتن مەکە، هیچ خەمت ...

قسەکەی تواو نەبوو. لە پڕێکا شتێک سارد و تیژ منی دووراند بە هێرشەو. شتێک سەرد وەک خەوەکانم. نەمتوانی نق بکەم. دەردێک ژاناوی و خوەش بوو. وەک ترس لە هەورەتریشقە و ڕۆشنبوونی ئاسمانی و تاریکییەکەی، بەرز و بێدەنگ. تاریکی وەک پەردەیەکی ڕەش بە سەر گۆڕستانا دادرابوو. تاریکی نیگای براکەمی دەمامک دابوو، ئەتوتا ناینامسم! چاوانی سوور و تەماوی بوون. براکەم ئەو شتە ساردەی لە بەن دڵم کێشا دەرەو. من داکەفتم، باران ئەباری و کراسەکەم، خوەم، ئاڕایشەکەم تەڕ بوو و نەمئەزانی بەم ئێشەو چۆن بچمەو ناو زەماوەنەکە. هەوایەکی فرە سەرد لە بەن دڵمەو چووە ناو سکم و ئێسقانەکانمی هەڵدڕی. هێرشی کێشاوکێش بە ناو ئەو هەرگ و ئاوا بردە ئەودێو دیوارەکە. هەناسەم دەرنەهات. هاتم بگیرم نەمتوانی، هاتەو منی دا بە کۆڵیا و لێرە دامینیا و وتی: تێمەو، تێمەو بۆ لات ... بە هەڕاکردن شڵپەشڵپ دوور بووەو. گۆڕستان لە بێدەنگی زەماوەنەکەدا تۆزێ خوەی ناسییەوە، دەنگی ئێسک و پرووسکی مردووەکان دێت. تاریکی بە دوای منالەکەیدا ئەگەڕێ، بۆیە گۆڕستان ئەجمێ، مردنیش بە دوای گۆڕێک خاڵیدا ئەگەڕێ؛ بۆیە با ئاوا هەڵیکردووە.

حەفت شەو و حەفت ڕۆژە تەمارم. لێرە کەس هاتوچوو ناکات. تەنیا ڕۆژ ئەوەڵ نەوێ باخەوانەکەم دی، ئیتر کەس لێرەو عبوور ناکا. شەو ئەوەڵ خەوم بینی ماڵەکەمان زۆر بچووکە. دایکم ئاو گوڵدانەکان ئات و خانووەکەمان باڵا دەکا و گەورە ئەوێ. هێرشیش بە دواما نەهات. نازانم خەریک چەس. بەڕاسی ئەم بەهارە بۆ ئەوەندە ساردە؟! ئەنگوستەکانم لە گۆ نین، هاکا ڕەقبمەوە! ئەم سەرما بەش تواو زستانەکانی ئەم شارە ئەکا.

ئیسە حەوتمین شەوە، خەو ئەبینم باوەژنم چۆلەکەکان بەر پەنجەرەکە ئەگرێت و قووتیان ئات. چۆلەکەکان ئاوسن و ددانەکانیان پڕە لە کرم. کرم لە پێستمەو وەک پەیژەکەی مزگت باڵا ئەکا. دایکم لە سەر پەیژەکەو شەماڵە ئەکا و دائەکەفم.

هەر ماتڵم و کەسێ بێت. حەز ئەکەم هاوار بکەم، ئەرێ کەسێ لەم کاولەوبووگە نیە؟ زمانم لە گۆ نیە، دەینمە مل دنیا بۆ شانسم. کەسێ، ئاغەیەک، خانمێک نیە بێژم پێ دابزانن کام تۆم گوڵ لە چاو چەپما سەوز بووگە. فوویەکی پێیا بکەن. ئێش خەریکە ئەمکوژێ.

**سروە مەجیدی**

**«دایە»**

لەسەر قەنەفەکە پاڵ کەوتووم وکتێب ئەخوینمەوە. دەنگ تەلەفزیونەکە ئەوەندە بەرزە، حاڵیم نابێ چی ئەخوێنمەوە. کتێبەکە ئەنێمە سەر چاومەوە وبۆ چەند چرکەێک چاوەکانم ئەبەستم. دەنگ تەلەفزیونەکە کەم ئەبێتەوە.کۆڕەکەم لەسەر ماتۆڕێکی لاستیکی کایە ئەکا، دیتە بەر قەنەفەکە،کتێبەکە هەڵ ئەداتەوە وچاوشارەکێم لەگەڵ ئەکا.کتێبەکەلائەبەم،هێرهێر پێ ئەکەنێ وماتۆڕەکەی غاردەدات دوورئەکەوێتەوە. دووبارە دێتەوە،هەم دیسان کتێبەکە لائەبەم و؛هێرهێر... !دەنگ تەلەفزیونەکە بەرز ئەبێتەوە .دیسان دێتەوە بەر قەنەفەکە وغاردەدا.دەست درێژ ئەکاتەوە بۆ شێرئاوەکە:"ئاپ"! خۆمی لێ گێل ئەکەم.دەنگ تەلەفزیونەکە کز ئەبێتەوە،"ئاپ"! دەنگ تەلەفزیونەکە دیسان بەرز ئەبێتەوە.هەڵ ئەستم،شێرئاوەکە ئەکەمەوە." ئاو گەرمی پێ نەدەی".لیوانەکە پڕ ئەکەم وخێرا شێرەکە ئەبەسم."بێژە دایە"! دەنگ تەلەفزیونەکە کز ئەبێتەوە.کۆڕەکە سوار ماتۆڕەکەیەو غاردەدا.سەیری ئەکەم.حەسیوی پێ ئەبەم.سوار بووەو لە سەر بەرزاییەکە،خل ئەبێتەوە بەرەو خوار. لە دوای دەکەوم." پاڵی پێەو بنە"!پاڵی پێوە ئەنم و بە دەمەوە ئەکەومە ناو خاک خۆڵەکە.ئێشم پێ ئەگەێ، بەرەنێسک ئەدەم. بە غار دێتە سەرم وباوەشم پێدادەکا.هەڵ ئەستمە سەرچۆک.ماتۆڕەکە دێنێتە بەردەستم،سوار ئەبم.پاڵی پێوەدەنێ.جارێ،دووجار،سێ جار ،چوارجار... دانابەزم! حەسیوی پێ ئەبەم،دانابەزم! "ڕۆڵە بەرەژانتە"!؟ "دادا"!بالای بەرز،ڕەپەڕەپ،هەورێیکی مشکی پێچاوەتە سەریەوە،لاپێچ تەونەکەی هەڵ ئەپێکێ و خەریکە مەشکە ئەکاجێ... "مەشکە،مەشکە، تام دۆەکەمان خوەش کە"!! مووچەێ نان کەرەێ پێ داوین.خەجاڵەت ئەکێشم."خوزیا دادای منیش سەروێنی بوایە... پێم ئەوت دایە"!! پالم پێوە ئەنێ،ماتورەکە دەور هەڵ ئەگرێ،هەڵەوداوان،پێم ناگات،ژێرەوژوور ئەبمەوە،خوێن فیشقە ئەکا،دەست ئەکێشمە سەر گۆنامەوە،سەیری ئەکەم؛ خوێن! ئەوەندە ترساوە، ماتۆرەکە بەجێ دێڵێ،خۆی ئە شارێتەوە. هۆنەهۆن لەکۆلانەکە سەر ئەکەوم وئەچمەوە بو ماڵ. دادای سەروێنەکەی هاسەریەوە ودوو پەلکەی لە لاچناکیەوە ئاوێزانە.هیچ نایژێ. دادام هەلاماتم ئەدات و قژی ئەڕنێ" هەی بڕست بۆڕن هەی.."! دایەم ئەم گرێتە سنگیەوە، ئەم باتە بەر شێرئاوەکە"بۆسۆ بنە بانێ"شێر ئاوەکە ئەکاتەوە، ئاوەکە گەرمە، سەروچاوم ئەشۆرێ. خوێنەکە وەستاوە، جلەکانم سوور بوون، خوێن وتۆز تێکەڵن. دادام ئەیان گۆڕێ. مووچەێ نان وماستم ئەداتێ ولە ماڵ دێمە دەر. ئەچمە بەر ماڵیان، دادای قژەکەی شانەئەکا، حەسیوی پێ ئەخوازم" ئەگەر دادای منیش ئاوا بوایە، پێم ئەوت

دایە"!ماتۆڕەکە بێ ناز داکەوتووە، خۆی شاردووتەوە،لە دوای دەگەڕم...تەلەفزیونەکە دەنگی بەرز ئەبێتەوە،دێتە بەر دەستم ودەستی بۆم ڕائەکێشێ،سەر بەرز ئەکەمەوە،هێرهێر پێ ئەکەنێ... حەسیوی پێ ئەخوازم، خۆی ئەخاتە باوشمەوە وبۆم ئەڕوانێ... تەلەفزیونەکە دەنگی نامێنێ!

**سەیفوڵا ساعێدموچشی**



# بەتامی چیرۆک

**خیزەشینە:**

کابرایەک تازەی ماشین بۆ کوڕەکەی کڕیبوو و زۆری شایی پێ بوو. لە پاڵیەوە دادەنیشت و بیدە بە دوو، بیدە بە سێ، هێواش، گازی دەیە و ... یەکسەر حوکمی دەکرد. ڕۆژێک کەوتنە جادەوە و هێندە ماشین سیبقەتی لێ گرتن کابرا هەڵچوو و کوتی: ئەوە تۆ داوەشاوی دە پاڵی پێوەنێ تێی ڕیم! کوڕە ملی پێوەنا و بە پاڵ ماشێناندا خوشی و دە دوازدەیەکی وەدوا دا. ئەوجار کە دەگەیشتنە ماشێن کابرا بە بزەی سمێڵەوە دەیکوت ئەو داشەشم بۆ بخۆ! کوڕە سبەقەتی دەگرت و هەمیسان ئەو داشەشم بۆ بخۆ و ئەو داشەشم بۆ بخۆ! لەسەر پێچێک کوڕە بۆی کۆ نەبۆوە و لە دۆڵیی هاویشت! کابرا  هاواری کرد ئەڵڵا ئەڵڵا ئەوە چ بوو؟! کوڕە کوتی: ئەوە بووین بە ئاغا!

**محەممەد باڵوڵزادە/ بانە:**

هاوڕێیەکم بە ناوی کاک سمایلی هەڵۆ بۆی گێڕامەوە : جارێک لە گوندی خۆیان برادەرێک دێتە لای، ناوی بارام دەبێ؛ دەڵێ سەرم بە تیغ بۆ بتاشە. منیش تیغ و ماکینەم هێنان، ئاوێنەشی لێ نەبوو، سەرم بۆ تاشی. دواتر دەستی هێنا بۆ پشتە سەری و کوتی سمایل پێم وابێ ئەم تۆزەت نەتاشیوە. کوتم باشە خۆ ئاوێنەی لێ نییە چۆنت چاو لێ بوو؟ کوتی بە خوا هەموو سەرم دەکزێتەوە ئەم تۆزەی نەبێ.

تێبینی: لەکاتی تاشیندا برینداری کردبوو بێجگە ئەو تۆزە لە سەری.

## گوڵەجۆ:

برادەرێک لە زمان معەللیمێکەوە گێڕایەوە:

دوو معەللیم بووین لە دێیەک. زۆر جار خەڵک بانگهێشتیان دەکردین و جارجاریش بۆخۆمان خۆمان لێ بانگهێشت دەکردن. جارێک لەو جارانە بە بابی شاگردێکمان کوت سبەینێ نەهارێ میوانی ئێوەین. کوتی بەخێرێن. بەیانی لەسەر کلاس لە کوڕەم پرسی ئەوڕۆ میوانی ئێوەین، داخودا دایکت چمان بۆ ساز دەکا؟ کوتی: حیچ ئاغا. کوتم چۆن حیچ!، خۆ بە بابتمان کوتبوو، حەتمەن بە دایکتی نەکوتووە. کوتی: با ئاغا پێی کوت. کوتم چی پێ‌کوت؟ کوتی: ئاغا کوتی نان و چێشتێک بۆو معەللیمانە لێنێ. کوتم دەی دایکت کوتی چی؟ کوتی: ئاغا دایکم کوتی مەگین گوویان بۆ لێنێم!

## خیزەشینە:

دەڵێن دوو کرماشانی چووبوونە حەج. لە کاتی زیارەتی مزگەوتی "نەبی"دا، چوونە سەر گڵکۆی پێغەمبەر و ماچیان کرد و پاڕانەوە. لەو کاتەدا یەکیان نووشتاوە بە سەر قەبرێکی پاڵ قەبری پێغەمبەردا. ئەوی تریان تێی ڕاخوڕی و کوتی: چی ئەکەی گەماڵ باوک ئیبە عومەرە! کوتی: برا ماچ نییەکم، گازی وەلی ئەگرم گاز!

## بەستەڵەک:

گۆیا عافرەتێک چووبووە لای دوکتور مەولەویی مەنشوور لە سابڵاغ. دوکتور دەڵێ: چتە؟ دەڵێ: دوکتور گیان جەرگ و ڕیخۆڵەم خەریکە بێتە دەرێ، دەرزییەک دەوایەک شتێکم بۆ بنووسە بەقوربانی ئەو کەوشانەت بم. دوکتور دەڵێ فەرموو لەو سەر تەختە درێژ بە با معایەنەیەکت بکەم. هاوکات کابرایەکی تەژەی چوارگورچیلەی سوورفل، دوو میتر شەدە بە سەرەوە وەژوور دەکەوێ و ژنە دەڵێ دوکتور گیان ئەوە مێردمە. دوکتور دەڵێ: هەستە دایکم هەستە، دەرزی و دەوا کار لە تۆ ناکا؛ ئەوە منیش بگێ جەرگ و ڕیخۆڵەم دێتە دەرێ!

